# توندوتیژیی سیاسی

ن. د. ناسری فوکوهی
و. بۆ کوردی: پێشڕەو حسێن

## پێشەکی

لەجیهانی ئەمڕۆدا, توندوتیژی چەمکێکی ئاشنا و بەناوبانگە, چەمکێکە گەلێك وێنەی جیاواز لەزەینی مرۆڤایەتیدا وێنادەکات. لەجیهانی ئەمڕۆدا کە گرنگترین تایبەتمەندێتی ئەو جیهانە تەوەرەیی بوونی پەیوەندییەکان و رۆڵی بەرفراوانی میدیاگروپییەکانە, کەمتر دەتوانی میدیایەکت چنگ بکەوێ چ لە کتێب و, گۆڤار و تەلەفزیۆن و سینەما و.. کەلە جێگەیکدا باس لەشێوەیەك لەشێوەکانی توندوتیژی نەکات. توندوتیژی وەکو بەرجەستەترین کاردانەوەی جیهانی دەرەکی, پێگەیەکی هەمیشەیی لەنێو جیهانی میدیاکاندا داگیرکردووە و چیتر وەکو هۆکارێکی جێگیر و بەردەوام لەو جیهانەدا دەبینرێت, بەجۆرێك دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە یەکێك لە ناکۆکیە ئاشکرا و دیارەکانی شارستانیەتی حاڵی حازر ئەوەیە کە لەلایەکەوە وەکو بابەتێکی (سەرنج راکێش و خوازراو) باس لەو چەمکە دەکات کە ژمارەیەکی بێشومار لە (بینەران)ی بەلای خۆیدا کێش کردوە و لەلایەکی تریشەوە لە وتارە رەسمی و نارەسمیەکانی ئەو شارستانیەتەدا هەمان دیاردەی توندوتیژی

بەدیاردەیەکی (ناشرین) پێناسە دەکات. ئەم ناکۆکیە ماوەیەکی زۆرە بۆتە جێگەی باس و گفتوگۆی بیرمەندە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان. هۆی ئەمەش, هەندێ جار دەگەڕێنەوە بۆ نێو غەریزە قوڵەکانی رۆحیەتی مرۆیی و زۆرجاری تریش هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئیلتیزاماتی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤی ئەمرۆیی. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێ ژمارە بەوە بکەین کە پێگەی بەرجەستەی توندوتیژی لەم چاخەدا تارادەیەك دەرئەنجامی پێشینەی مێژوێکی کۆنە و دەتوانین ریشەکانی نەوەکو تەنها لەبیری کۆن بەڵکو لەشێوەکانی ژیان و گۆڕانکاریەکانیدا لە سەدەکانی رابردودا بدۆزینەوە.

## شێوەکانی توندوتیژیی سیاسی

توندوتیژی سیاسی خاوەنی گەلێك جۆر و لایەنی جیاوازە و هەمیشە لەگەڵ بەرکەوتنمان لەگەڵ ئەو جۆرەی توندوتیژی, روبەڕوی گەلێك مانای رەنگاورەنگ دەبینەوە. ئاڕاستەبونی توندوتیژی لەسەر بنەمای ئەم شێوە جیاوازانە, بەردەوام گۆڕانی بەسەر دێت و دەتوانێت لە سادەترین و لاوازترین ناڕەزایەکان و لە هێمنترین سەرکوتکاریەکانەوە سەرهەڵبدات تا ئاستی سیستمێکی تەواو سیاسی و تا ئاستی بێڕەحمانەترین ئەشکەنجە و کوشتارەکان پەرەبسێنێ. جۆری توندوتیژیی سیاسی و ئاڕاستەبوونی توندوتیژی لەهەر کۆمەڵێکدا تارادەیەکی زۆر پەیوەندی بە چۆنیەتی پێکهاتنی دەسەڵاتی سیاسی ئەو کۆمەڵەیەوە هەیە, لەبەرئەوەی توندوتیژی سیاسی لەراستیدا, ئامرازێکە بۆ دروستکردن و پەرەپێدان یا وێنەگۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی لەو کۆمەڵەدا.

کۆمەڵی مرۆیی زۆرجار ئاڕاستەبونێکی سروشتیە و دەتوانین بڵێین خاوەنی ئاڕاستەبونێکی زیندەوەرناسانیە و لەشێوە سادەکانی ژیانەوە بەرەو وێنە تەمومژاویو قورسەکان دەجولێ. لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا لامارکی زیندەوەرناسی فەرەنسی لەئاکامی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر بونەوەرە سادەکانی وەکو خشۆکەکان, ئەنجامیدابوو, گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هەموو بونەوەرێك بەشێوەیەکی زاتی خوازیاری گەشەکردن و گەروەبوونە. دابەشبونی خانە زیندوەکان و وەچە خستنەوەی بونەوەرەکان, هەوڵێکە بۆ پەرەپێدانی ژیان و جۆرێکە

له بەرهەڵستیکردنی مەرگ و ئەو گۆڕانکاریانەی کە ئەم بونەوەرانە لە ڕەفتارەکانیاندا ئەنجامی دەدەن, بۆئەوەیە خۆیان لەگەڵ هەلومەرجەکانی دەوروبەرەکە بگونجێنن. ئەمەش لە غەریزەیەکی دەرونیەوە سەرچاوەدەگرێت کە بۆخۆی یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی ژیان و لەنێو سەرجەم بونەوەراندا لە بچوکترین جۆریانەوە تا گەورەترین شێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی, بونی هەیە. بزاوتن بەرەو هەر جۆرە ژیانێکی ئاڵۆز و قورس, پێویستی بەوەیە کە هەر بونەوەرێکی زیندو لەنێو خۆیدا و لەنێو بەشەکانی خۆیدا هەندێك جیاوازی دروست بکات. ئەم دروستکردنی جیاوازیەش دەبێتەهۆی دابەشکردنی ئەرکەکان بەسەر بەشەکاندا و ئەم دابەشکردنی ئەرکەش بۆخۆی دەبێتەهۆی دروستبوونی سیستمێکی پەیوەندیی نوێ لەنێوان بەشەکاندا. سیستمی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ئەوکاتەی بەرەو شێوە ئاڵۆزەکان دەبزوێن, گەلێك دامەزراو و ئۆرگانی جۆراوجۆر دروست دەکەن کە گرنگترینی ئەو دامەزراوانە, دەوڵەتە. دەوڵەت ئەو ئۆرگانەیە کە لەنێو خۆیدا دەسەڵات چڕدەکاتەوە و مافی بەکارهێنانی توندوتیژی سیاسی دەخاتە ژێر سنوری دەسەڵاتی خۆیەوە.

ماکس ڤێبەر (Max Webe ١٨٦٤ تا ١٩٢٠)ی کۆمەڵناسی ئەڵمانی لەبەر هەمان هۆکار, دەوڵەت بەو ئۆرگان و دامەزراوانە دەزانێت کە توانیویانە دەسەڵاتی (توندوتیژی سیاسی یاسایی) لە ئاستە جوگرافیە دیاریکراوەکاندا بگرنەدەست. بەڵام ئەو بۆچونەی کە دەوڵەت هەوڵ دەدات, توندوتیژی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە بەهیچ جۆرێك بەو مانایە نیە کە لەو کارەدا و لەنێو واقیعی کۆمەڵایەتیدا توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. ئەزمونی مێژویی, ئەوەی ڕونکردۆتەوە کە لە ساتی لەدایکبونی دەوڵەتەوە, دژەکانی دەسەڵات یاخود بانگەشەکەرەکانی دەسەڵات و بەرهەڵستکارانیش بوونیان هەبووە. دژایەتی و ناکۆکی ئەو دوو لایەنە, واتە دژایەتی نێوان خاوەن دەسەڵات و گەل یان دژایەتی حوکمکەر و حوکم بەسەرداکراو, بابەتێکە کە گەلێك قسە و باسی بەدرێژایی مێژوو بەرهەمهێناوە. مارکسیستەکان لەم میانەیەدا باوەڕیان بەجۆرێك لە خەباتی چینایەتی هەبووە, لەلایەکی ترەوە هەندێك لە کۆمەڵناسەکان لەوانەش" ڤیلفرێد دۆبارێتۆ

لەچوارچێوەی ئەو جۆرە ناکۆکیەدا پێویستیی ئامادەبوونی خەباتی بەرهەڵسکارانەی دەستبژێر و نوخبەی بەگرنگ زانیوە تا ئەوان پاش دەورێکی تایبەتی, لەباتی حکومەتی پێشوو, هەلی ئەوەیان بۆ برەخسێت دەسەڵات بگرنەدەست و پێیوابوە کە لەو ڕێگەیەوە کۆمەڵێکی تەندروست دروست دەبێ و ڕێگە لە سەرهەڵدانی توندوتیژی و ڕێگە لە کاری توندوتیژی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات دەگیرێت.

میکانیزمەکانی دیموکراسی هەوڵیان داوە گەلێك بوار و پێگەی بەرفراوان بخولقێنن تا ئەم پەیوەندیە بتوانێت لە هێمنترین بواردا ئەنجام بدرێت و هیچ یەك لەو دوو لایەنە دژە پێویستیان بە بەکارهێنانی توندوتیژی نەبێت لە رکابەری یەکتردا. میکانیزم و ڕێورەسمەکانی هەڵبژاردن و ئەو نوێنەرایەتیانەی سنوردایەتی کاتیان هەیە, پەیرەویی لە مەبەستێك دەکەن کە بریتیە لەوەی" هیچ تاك و گروپێکی دیاریکراو بۆ ماوەیەکی درێژ لە دەسەڵاتی سیاسیدا نەمێنێتەوە تا لەو ڕێگەیەوە بەر لە ئاڕاستە و لایەنە دەسەڵاتخوازەکان بگیرێت.

لەسەر ئەم بنەڕەتە دەکرێت لە پراکتیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسیدا, دوو پێگەی لێکجیاواز دیاریبکەین:

یەکەمیان" پێگەی حکومەتکەران و پێگەی حوکم بەسەرداکراوان. یان بەواتایەکی تر" ئەو پێگەیەی کە لەسەرەوراو باڵایە و پێگەی گروپێکی تر کە لە پایە و خوارەوەدایە. دەتوانین بەمجۆرە شێوەکانی توندوتیژی سیاسیش بەسەر دوو گروپدا دابەش بکەین. یەکەمیان ئەو توندوتیژیەی کە لەلایەن هێزی دەسەڵاتدارەوە بەسەر پایەی هەرەمە کۆمەڵایەتیەکەی خوارەوە دەسەپێنرێ و ئاڕاستەی ئەو توندوتیژیە لەسەرەوە بەرەو خوار پراکتیزەدەکرێت و ئامانجی پاراستن و گەشەپێدانی دەسەڵاتی سیاسیە. دووەم شێوە" ئەو توندوتیژیەی کە لەپایەی هەرەمە کۆمەڵایەتیەکەوە بەرەو سەرەوڕای ئەو هەرەمە پیادەدەکرێت و ئامانجی لاوازکردنی هێزی سیاسی دەسەڵاتدار یاخود گۆڕین و چاکسازیی و لەسەرکارلابردنیەتی. لێرەدا بۆ لێکدانەوەی شێوەکانی توندوتیژی سیاسی, باس لە توندوتیژی حکومەت و دەسەڵات دەکەین, لەبەرئەوەی توندوتیژی حوکم بەسەرداکراوان بەگشتی شێوەیەکی کاردانەوەیی هەیە لەبەرامبەر ئەو توندوتیژیەی لەسەرەوڕا بەسەریاندا پیادەدەکرێت.

## توندوتیژی لەسەرەوە
## دەوڵەت

مرۆڤەکان بۆئەوەی لەیەك ژینگەی کۆمەڵایەتیدا بژین, پێویستیان بە پلانگەلێکی بێژمار هەیە. ئەم پلانانە لەو رووەوە پێویستن کە هەڵسوکەوتەکانی تاك لەکۆمەڵدا لەچوارچێوەی کار و پەرچەکرداری هەمەجۆردا جێگیردەکا کە چاودێری جیاوازیی هەتا دەگاتە دژایەتی نێوان تاکەکان و لەئەنجامی ئەمەشدا ململانێ دروست دەکات. بەواتایەکی تر" بۆنە مرۆییەکان لەخۆیاندا دەبنە هۆی دروستبوونی ململانێ, بەلام لەبەرئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی پێویستی بە ئارامی و هێمنی هەیە, دەبێ ئامرازێك بۆ لەناوبردنی ئەو ململانێیانە بدۆزینەوە تا جارێکی تر هێمنی بەرقەراربێتەوە. هەرجۆرە کردارێك پەرچەکدارێك دەخاتەوە و لە زنجیرەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیشدا ئەمە دەبێتەهۆی دروستبونی دابەشبونی کار و ریزبەندیە چینایەتیەکان و پێگە کۆمەڵایەتیەکان. لە هەر کۆمەڵێکدا کە برێکی کەمیش لەم دیاردانە پەیابووبون, پێویست بە دەستگایەك دەکات بۆ هەماهەنگکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی ئەو کۆمەڵە تا لەئەنجامدا جۆرێك لە پرەنسیپی رێکوپێك بخوڵقێنێ. هەرچەندە لە هەندێك تیۆریی سیاسیدا وەکو تیۆری ئانارشیزم, لەبنەرەتدا ئامادەبوونی ئەو دەستگای هەماهەنگیە رەتکراوەتەوە, بەلام راستیەکان و ئەزمونی مێژویی ئەوەی ئاشکراکردوە کە تا هەنوکە هیچ فۆرمێکی کۆمەڵایەتی نەناسراوە کە توانبێتی بەبێ ئامادەبوونی ئەو دەستگایە درێژە بە ژیانی خۆی بدات, کە ئەو دەستگایە بریتیە لە ئۆرگانیزەکردنی سیاسی و چڕکردنەوەی دەسەلات جگەلەمانەش, هەرکاتێك کۆمەڵێك گەیشتبێتە ئاستێکی دیاریکراوی گەشەسەندن و شارستانیەت (کە تایەبتمەندیەتی دیاری ئەوانەش دروستبونی شارە) لەگەڵیدا دامەزراو و دەوڵەتیش دروست بووە و بەرپرسیاریەتی بەرقەرارکردنی ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەئەستۆگرتوە. لەرووی مێژوویەوە, دروستبوونی یەکەمین شارستانیەتەکان (سۆمەر و میسر لە میزۆپۆتامیا و کەناری روباری نیل)

هاوکاتە لەگەڵ لەدایکبونی دەوڵەتەکانی ئەو ناوچانە. کەواتە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە گواستنەوەی بڕیارە گشتیەکان لە خاڵە پەراوێزەکانەوە بەرەو مەرکەزیەتی سیاسی، لەمەڕ دروستکردنی هاوسەنگیەکی کۆمەڵایەتی، پێویستیەکی هەنوکەیی و گرنگە. دەتوانین لێرەدا ئەو مەرکەزیەتە ناوبنێین دەوڵەت.

بۆئەوەی دەوڵەت بتوانێ هاوسەنگیەکی کۆمەڵایەتی دروست بکات و ببێتەهۆی دروستکرنی ئەو کردارانەی لە بۆنە کۆمەڵایەتیەکانەوە سەرچاوەدەگرن، پێویستی بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازەکانی هێز هەیە. ئەو ئامرازانە لەبواری سیاسیدا، هەروەکو ئەو دوای پێگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەسەر دوو لایەندا بەش دەبن کە ئەو دوو لایەنەش بریتین لە ئامرازەکانی پاداشت و سزا.

دەوڵەت بۆئەوەی پارێزگاریی لە دەسەڵاتی خۆی بکات پێویستی بەوەیە گەل پەیڕەوی لێبکەن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن، هەر ئەم ملکەچی و گوێڕایەڵیەی گەلە کە دەسەڵاتی راستەقینە و جۆرێك لە شەرعیەت دەبەخشێتە دەوڵەت. بەڵام گوێڕایەڵی و ملکەچی گەل پێویستی بەو ئەنگێزانە هەیە کە دەوڵەت لەرێگای میکانیزمەکانی پاداشت و سزا، سازی دەکات. دەوڵەت لەلایەکەوە بەدەرخستنی تواناییەکانی خۆی لەڕووی بەڕێوەبەریەتی سیاسی کۆمەڵەوە، بەواتای دابینکردنی پێداویستیەکانی گەل، ئەنگێزەی پەیڕەویکردن و گوێڕایەڵی گەل دەستەبەردەکات، و لەلایەکی تریشەوە بەسزادانی ئەو کسانەی سەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن، ئەوانیتر لە نافرمانی رادەگرێت. لێرەدا و لەمیانەی قسەکردنمان لەسەر شێوەکانی توندوتیژیی سیاسی، دەگەینە سەر ئەو جۆرە سزایانەی کە دەوڵەت لەبەرامبەر یاخی و نافرمانان جێبەجێیدەکات، بەڵام دەبێ لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە لەنێوان ئەو شێوازانە و شێوازەکانی پاداشتدا پەیوەندیەکی چڕوپڕ لەئارادایە کە لێکدانەوەی وردتری ئەم بابەتە، پێویستی بە ناسین و لێکدانەوەی خودی بابەتەکە هەیە.

شێوازەکانی سزادانی دەوڵەت یان توندوتیژی سیاسی لەسەرەوە، سنورێکی بەرفراوانی هەیە کە لە ئاگادارکردنەوە و هەڕەشەکانی دەوڵەتەوە تا زەوتکردنی ئازادی و تەنانەت دەستدرێژیکردنە سەر ژیانی

تاکەکانی کۆمەڵ، پەرەیسەندوە. بەکارهێنانی ئامرازەکانی ئەم جۆرە لە توندوتیـژی، فـۆرمێکی جیهـانی هەیـە و بەدرێـژایی مێـژوو سـەرجەم دەوڵەتـەکان بـەکاریانهێناوە. بـەڵام ئاسـتی بـەکارهێنانی ئـەو جـۆرە توندوتیژیـە و چـۆنیەتی بـەکارهێنانی ئامرازەکـانی سـزادان، بۆخـۆی، جیاوازی فۆرمی دەوڵەتـەکانمان لـەلا ئاشکرادەکات. لێرەدا بەپێویسـتی دەزانم کـە پـێش ئـەوەی بپەرژێینـە سـەر قسـەکردن لەسـەر شـێوە دەرەکیەکانی توندوتیـژیی، پێشـتر بـاس لـە فـۆرمی دەوڵەتـەکان بکـەین لەوبوارەدا.

## دەوڵەتی ئیستبدادی ( Tyrany - Despotism )

ئیستبدادئەو جۆرەی دەوڵەتـە کـە لەچوارچێوەیدا هێـز و دەسـەڵات لەسەر بنمای ئیرادەی تاکەکەسێکی موستەبید جێگیر دەبێت. نووسـەران و رۆژهەڵاتناسـە ئەوروپیـەکان بەپـەیڕەویکردن لـەو دیدگایـەی کـە لـەلای یۆنانیـە کۆنەکانـدا هـەبووە، ئـەمجۆرە دەوڵەتانـە بـەجۆرێکی تایبـەتی دەوڵـەتی ئاسـیایی دەزانـن. لـە سـەدەی نۆزدەهـەم بـەدواوە لەگـەڵ پەیـدابوونی هەنـدێك میسـیۆنەر و جیهانگـەری رۆژئـاوایی وەکـو: بێرنـێ (Bernier ١٦٢٠ تـا ١٦٨٨)، تاڤێرنـێ (Tavernier ١٦٠٥ تـا ١٦٨٩)، چـاردن (Chardin ١٦٩٩ تـا ١٧٧٩) و.. گرووپێـك لـە فەیلەسـوف و ئەندێشـمەندی رۆژئـاوایی وەکـو: بـۆدەن (Bodin ١٥٣٠ تـا ١٥٩٦)، مۆنتسکیۆ (Montesqieu ١٦٨٩ تا ١٧٥٥)، ستوارت میـل (Stwart Mill ١٨٠٦ تا ١٨٧٣)،.. ئـەو دیدگایـە پەرەیسـەند و دواجـار لـە نوسـینەکانی مارکس و هەندێك لە پەیڕەوەکانیدا لـەژێر نـاوی (شـێوەی بەرهـەمهێنانی ئاسـیایی – Asiatic Mode of production) هـەروەها لـە نووسـینەکانی بیرمەندە تازەکانی رۆژئاوادا وەکو کـارل ڤیڤۆگـل (K. Wittfoqel) لـەژێر نـاوی (ئیسـتبدادی رۆژهـەڵاتی– Oriental Despotism)، تـەرح کـرا. بنەمای ئەو جۆرە بۆچونە لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو، کـە لـە رۆژهەڵاتـدا بـەهۆی بـەرفراوانی زەوی و کـەمی ئـاو، پێویسـتیی ئۆرگـانیکزەکردنێکی گـەورە هاتـەئاراوە، لەمـەڕ رێکخسـتنی جـۆرە کـەڵکوەرگتن لـە زەویوزارەکان و لەبەرئەوەی لەو بوراەشدا تەنها دەوڵەت ئەو دەسـەڵاتی رێکخستنەی هەبووە، گەلێك دەوڵـەتی بـەهێز هاتنـەئاراوە و لەبەرئـەوەی

زەوی بەبێ ئاو هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نیە, دەوڵەت مافی خاوەنداریـەتی لە گـەل سـەندۆتەوە و لـەئاکامی ئەمەشـدا چـینی دەوڵەمەنـد و ئەشـراف دروسـت نـەبووە و دەوڵـەت کەوتۆتـە ژێـر ئـیرادەی تاکەکەسـێکەوە کـە هــەمان تــاکی موســتەبیدە و موســتەبیدیش لــە ڕێگــەی شــێوازەکانی توندوتیژیەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خـۆی بـەڕێوەبردوە. ئـەو جـۆرە بۆچـونە لەئێسـتادا و بـەهۆی سـەرهەڵدانی گـەلێك بۆچـونی جیـاوازەوە, قسەی تری لەسەرە. بۆ نمونە لە شانشینەکانی ئێران و چیندا, هەرچـەند پادشـایەکی بـەهێز لـە لوتکـەی دەسـەڵاتدا بـووە, بـەڵام لێکۆڵینـەوە مێژووییـەکان ئاشـکرایان کـردوە کـە ئـەو پادشـایە لـە پراکتیزەکردنـی سیاســەتەکانیدا, پابەنــدی گــەلێك بەڵێندەرایــەتی و ســنورداریەتی و هەلومــەرجێکی زۆر قــورس بــووە, کــە گــەر لــەو پابەندیــە لای بدایــە, ڕاستەوخۆ لەسەر کار لابراوە. لەئەنجامدا, ئەو جۆرە دەوڵەتانە زیـاتر لـە سیستمەکانی ئۆلیگاریشی (پشت بەستوو بە ئیرادەی کەمینە) دەچـن تـا لە سیستمە ئیستبدادیەکان.

دەکرێت بۆ دۆزینەوەی مۆدێلە مێژوویەکانی ئیسـتبداد بگەڕێنـەوە بـۆ مێـژووی دەســەڵاتی یۆنانیــەکان و ڕۆمیــە کۆنــەکان و دەتــوانین هــیرۆد (Herode) ی پادشـای فەلەسـتین و کـالیگۆلا (Caligala)ی ئیمپراتـۆری دێوانە و بێرەحمی ڕۆمی بەنمونە بهێنینەوە. هەر لێرەشدا گـەر بمانـەوێت ڕژێمە دیکتاتۆریەکانی وەکو حکومـەتی خێزانـی دۆڤالیـە (Davalier) لـە دەیـەکانی (٦٠) تـا (٨٠) ی مـیلادی لـە هـائیتی و حکومـەتی ئـانتۆنیۆ سالازار (salazar ١٨٩٢ تا ١٩٧٠) ی پورتوگـال و حکومـەتی فرانسیسـکۆ فرانکۆ (Francisco Franco ١٨٩٢ تا ١٩٧٥) ی ئیسپانیا بە حکومەتگەلی ئیستبدادی ناوببـەین بۆخـۆی جێگـەی گومانـە, لەبەرئـەوەی ئـەو جـۆرە حکومەتانـە پێکهاتەیـەکی نیمچـە دیموکراتیـان هەیـە و دامـەزراوەکانیان ئاوێتەیەکن لەگەڵ دەوڵەتە نەتەوەییەکان و نـاتوانن سیسـتمی دەسـەڵات لەو حکومەتانەدا بگەڕێننەوە بۆ ژێر ئـیرادەی تاکەکەسـێك. کەواتـە نـاوی دیکتاتۆریی بۆ ئەو دەسەڵاتانە گونجاوترە.

توندوتیژی لە دەوڵەتە ئیسـتبدادیەکاندا, بەشـێوەیەکی زۆر بەرچـاو و حاشـاهەڵنەگر پیادەدەکرێـت, یـان بەواتایـەکی تـر لـەو دەوڵەتانــەدا,

دەسەڵات لە خاڵێکی بچوکی ئیرادەی تاکەکەسیدا چڕدەبێتەوە. کەواتـە دەتوانین بڵێین ئەو جۆرە حکومەتانە لاوازترین دەسەڵاتی کردەییان هەیە لەبواری کەڵکوەرگرتنی تەندروست لە میکانیزمەکانی توندوتیژی سیاسی, لەبەرئـەوەی لـەو حکومەتانـەدا تـەنها یـەك کـەس لـە خـاڵی بڕیـاری سیاسیدایە. هەر لەبەرئەمەش ئەو دەوڵەتانە تەمـەنێکی کورتیـان هەیـە و لـە پێگـە بچـوکە جوگرافیـەکانی وەکـو شـارە بچـوکەکانی یۆنـان و لـە دەوڵەتـە بچـوکە خێڵەکیـەکانی ئـەفریقادا دروسـت دەبـن. تەنانـەت لـەو هەلومەرجانەشــدا, دەوڵــەتی ئیســتبدادی نــاجێگیرە, لەبەرئـــەوەی لەبەکارهێنانی توندوتیژی سیاسیدا پابەنـدی هـیچ جـۆرە لۆژیکێك نیـە و جگە لە ئارەزووە موستەبیدانەکانی تاکەکـەس پـەیڕەویی لـە هیچـی تـر ناکات و ئەو ئارەزووانەش زۆرجار رەنگاورەنگ و هەمـەجۆرن و دەگـۆڕێن و زۆر تاکەکەســین و, لەمیانەیانــدا ســەرجەم بەرژەوەندیــە کــورت و درێژخایەنەکانی دەوڵەت لـەژێرپێ دەنـرێن. جگـە لەمانـەش لەبەرئـەوەی موسـتەبید (تـاك)ە, هەربۆیـە دەتوانێـت لـە بـەرزترین شـێوەدا کـەڵك لـە توندوتیـژیی سیاسـی وەربگرێـت وەکـو: کوشـتن و لـەناوبردنی نـەیاران و رکابەرە سیاسیەکانی خۆی (تەنانەت ئەندامانی خێزانەکەی خودی خۆی) و لــەناوبردنی ســەرجەم نوخبــە سیاســی و کۆمەڵایەتیــەکانیش. هــەر لەبەرئەمەش, دەوڵەتی ئیستبدادی بەردەوام مەترسیەکی گەورە بـۆ سـەر گشت تاکەکانی کۆمەڵ دروست دەکات و دواجار ئەم ترسـە بەبـەردەوامی دەبێتەهۆی پیلانگێڕان لەدژی موستەبید و سەرئەنجام نابودبوونی.

## دەوڵەتی ئۆلیگارشی

ئۆلیگارشی (لە وشـەی ئۆلیگـۆس Oliqos ی یۆنـانی بـەمانای بچـوك) وەرگـیراوە, بـەواتای حکومـەتی گروپێکـی بچـوك و کەمینـە. ئـەمجۆرەی دەوڵــەت, بــەناوبانگترین جــۆری دەوڵەتــە کــە مــرۆڤ بەدرێــژایی مێــژوو ناسیویەتی. لەمیانەی ئەو جۆرەی حکومەتدا, گروپێك کـە لەبـەر هەنـدێك هۆکــاری جیــاواز خــاوەنی پێگــەی بــەرزتر و نایــابترن, بەشــێوەی دەســتەجەمعی دەســەڵات دەگرنەدەســت و دەتــوانن بەڕێوەبەریــەتی سیاسی بەشێوەی دەستەجەمعی یا لەرێگـەی هەڵبـژاردنی یـەکێك لـەنێو دەستەکەی خۆیانـدا ئـەنجام بـدەن, بـەڵام پێوانـەکانی دەسـتەبەرکردنی

پێگەی بەرز لە کۆمەڵە جیاوازەکاندا و لەسەردەمە جیاکاندا, جیاواز بووە. بۆنموونە لە هەندێك کۆمەڵدا تەمەن و ئەزمون (ریش سپییەتی) ئەم پێگەیە دیاریدەکات و لە هەندێکی تردا رابەرانی ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتی سیاسی یا دینی و لە هەندێکی تریشدا رابەرایەتی خێڵێکی دیاریکراو ئەم پێگەیە دەبەخشێتە گروپی دەسەڵاتدار. لە کۆمەڵە تازەکانیشدا, ئۆلیگارشیەکان بریتین لە گروپە تەکنۆکراتەکان, یانی ئەو کەسانەی کە گەروەترین ئیمتیازیان ئەوەیە خاوەنی شارەزاییەکی ئەوتۆن لە بوارەکانی بەڕێوەبەریەتی سیاسی ئابوری یا تەکنەلۆژیدا. بەڵام لە کۆمەڵە مۆدێرنەکاندا, ئۆلیگارشیەکان لەگەڵ فۆرمە دیموکراتیەکانی حکومەتدا ئاوێتەدەبن.

لە دەوڵەتە ئۆلیگارشیەکاندا, بەکارهێنانی توندوتیژی سیاسی بڕێکی زیاتر لە لۆژیکی لەخۆگرتووە, یان بەواتایەکی تر لە پراکتیزەکردنی توندوتیژی سیاسیدا دەوڵەتە ئۆلیگارشیەکان بەرژەوەندیە کورت و درێژخایەنەکانی دەسەڵاتداریەتی سیاسی لەبەرچاودەگرن. کارکردنی دەوڵەتی ئۆلیگارشی لەخوارەوەڕا پیادەدەکرێت و پێویستی بە کۆنترۆڵی گشتی نیە. هەر لەبەرئەمەش دەکرێت بە دوو شێوە توندوتیژی سیاسی لەو سیستمانەدا پیادەبکرێن: لە جۆرێکیاندا لەنێو خودی دەسەڵاتدایە, بۆ نمونە ئەودەمەی ئینسیجامێکی گشتی لەنێو کەمینەی دەسەڵاتدا نەبێت و, هەندێك کەس بیانەوێت ویستەکانی خۆیان لەسەر ئەندامەکانی تری کەمینەی دەسەڵاتداردا بسەپێنن. لەوکاتانەشدا بڕیاری دەستەجەمعی, تاك یان تاکە نافرمانەکانی دەسەڵاتداریەتیەکە سزادەدات یاخود لە رێگەی رەفتارێکی توندوتیژەوە ئەونافرمانیە سەرکوت دەکرێت. دەکرێت نمونەی ئەو جۆرە دەوڵەتانە لە ئێرانی کۆن و لە حکومەتە سەربازیەکانی سەدەی بیستەمدا دیاریی بکەین کە لە رێگەی (کودەتایەکی خوێناوی سەربازیەوە) دروست دەبوون و لەئاکامیشدا, دیکتاتۆرێك رابەرایەتی ئەو حکومەتەی دەگرتەئەستۆ (وەکو شیلی و ئارژانتین لە دەیەی ٧٠ ی میلادی). لەلایەکی ترەوە, دەوڵەتە ئۆلیگارشیەکان توندوتیژی سیاسی لەدژی نەیارەکانیان بەکاردەهێنن.

بـــەڵام لێرەشـــدا بـــە هەڵســـەنگاندنی لەگـــەڵ ئیســـتبداد, ئۆلیگارشـــی بەشـێوەیەکی مـەنتقیتر, توندوتیـژی بـەکاردەهێنێت, لەبەرئـەوەی ئـەو سیستمە بەرژەوەندی چینێکی بـەرفراوانتری کۆمـەڵ لەبەرچـاودەگرێت و لەئاکامیشدا, پێگەیەکی جەماوەریی بەرفراوانتری هەیە. هەر لەبەرمـەش, دەوڵەتـــە ئۆلیگارشـــیەکان, زۆرجـــار لـــە دەرەوەی مەیـــدانی نـــاوخۆیی حکومەتدا و تەنها لەدژی نەیارە چالاکەکانی خۆیان کـەڵك لـە توندوتیـژی سیاسـی وەردەگـرن, ئـەویش لەوکاتانـەی کـە نـەیارەکانیان بەئەنقەسـت یاساغ و قەدەغەکراوە رەسمیەکان لەژێرپێ بنێن. هەروەها توندوتیـژترین هەڵوێســتی ئــەو دەوڵەتانــەش دژی ئــەو کەســانە ئــەنجام دەدرێــت کــە بانگەشـــەی جێنشـــینیی دەســـەڵات دەکـــەن. لەبەرئـــەوەی فشـــارێکی جەماوەریی لەسەر دەوڵەتی ئۆلیگارشی نیە, بۆیە زۆربەی ئەو دەوڵەتانـە بەجۆرێکی نەشیاو کەڵك لە توندوتیـژی وەردەگـرن. لـە زۆربـەی ئەزمونـە مێژوییەکان و بەتایبەتی لەسەردەمی هاوچەرخدا بەئاشـکرا ئـەوە بینـراوە کـە دەوڵەتـە ئۆلیگارشـیەکان لـە هەلومەرجـەکانی فەسـادی ئیـداری و داراییدا, توانای کۆنترۆڵکرنی ئۆرگانەکانی پیادەکردنی توندوتیژی نامێنێ و ئــەو ئۆرگانانــە راســتەوخۆ دەکەونــە ژێــر دەســـەڵاتی بەرژەوەنـدی بەرپرســانەوە. بۆنمونــە, پۆلیســی سیاســی لــەبری ئــەوەی رووبــەڕوی بەرهەڵســتکارانی سیاســی بێتــەوە, دەبێتــە ئــامرازێکی فشــار بــۆ ســەر تاکەکانی کۆمەڵ بۆ کۆکردنەوەی پارە و دەرامەتی رۆژانە لە رێگـەی بـاج وەرگرتن لە هاوڵاتیان. ئەم بەکارهێنانە نەشیاوانەی توندوتیـژی سیاسـی کە لە هەلومەرجی قەیرانە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکاندا پەرەدەسێنێ, بۆتە هـۆی سسـت و لاوازبـونی پایـەکانی حکومـەتی ئۆلیگارشـی و دواجـاریش لەناوبردنی. یەکێك لە هۆکارەکانی لەناوچوونی ئۆلیگارشیە سەربازیەکانی ئـەمریکای لاتـین لـە دەیـەی (٧٠) ی مـیلادی و ئۆلیگارشـیە فیـودالی و دینیـــەکانی ســـەدەکانی ناوەڕاســـت, هـــەمان دەرچـــوونی ئامرازەکـــانی توندوتیژی سیاسیە لە ئەرکە بنەڕتیەکانی خۆی.

## دەوڵەتی دیموکراسی

دەوڵەتی دیموکراسی لە ( Demo ی یۆنانی بەمانای خەڵك) لە رووی چەمکەوە بە (خەڵك سالار) پێناسەکراوە. بەڵام دەبێ بەئاگابین کە مانای مۆدێرنی ئەم جۆرە دەوڵەتە زیاتر بریتیە لە حکومەتی (زۆرینە) کە لەگەڵ مانا یۆنانیە کۆنەکەیدا جیاوازی هەیە. لە یۆنانی کۆندا, ئەو هاوڵاتیانەی کە مافی بەشداری سیاسیان هەبوو بەبەراوردکردن لەگەڵ سەرجەم هاوڵاتیاندا کە کۆیلەکان بەشێکی هەرەزۆریان پێکدەهێنا, تەنها کەمینەیەکی دیاریکراو بوون. ئەمەش لەکاتێدایە کە ئەو دوڵتانەی بەهۆی شۆڕشە بۆرژوازیەکانی سەدەکانی (١٨ و ١٩) دروست بوون و سەرجەم میکانیزمەکانی حکومەت لەسەر بنەمای دەسەڵاتداریەتی زۆرینەی هاوڵاتیان و لەهەمانکاتیشدا لەچوارچێوەی پاراستنی مافە دیاریکراوەکانی کەمینەدا, هاتنەبوون.

بنەڕەتی سەرەکی دەوڵەتی دیموکراسی لە چەمکی (کۆماریدا) بریتیە لە بەشداری زۆرینەی هاوڵاتیان لەرێگەی ئیجادکردنی نوێنەرایەتی وەقتی لە هەرسێ هێزە شیتەڵکراوەکەی, یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی, بەمەبەستی دیاریکردنی ئۆرگانێکی ئیداریی بۆوڵات. میکانیزمەکانی دەوڵەتە کۆماریەکان بەجۆرێك داڕێژراون کە رێگە بە مانەوەی تاکەکان و گروپەکانی نادرێت لە پۆستێکی دیاریکراودا بۆ ماوەیەکی درێژ بمێننەوە و هەموو تاکێك لە هەر پۆستێکی حکومیدا ناچارە بە قبوڵکردنی بەرپرسیاریەتی دیاریکراو و دەبێ لە هەموو کاتێکدا ئامادەیی وەڵامدانەوەی نوێنەرایەتی گەلی هەبێت. دەوڵەتی دیموکراتی لەراستیدا, فۆرمێکی سیاسی بەئەقڵانیکراوە کە بۆ کاراکردنی سیستمە ئابوریەکانی سەرمایەداریی مۆدێرن زۆر بەپێویست دادەنرێت و بەوجۆرەی کە ئەزمونی هاوچەرخ ئاشکرایکردووە, سەرجەم وڵاتانی جیهانی ئەمڕۆ, جگە لە چەند وڵاتێك, بەجۆرێك لە جۆرەکان, میکانیزمەکانی دیموکراسیان قبوڵ کردوە. هەرچەندە پراکتیزەکرنی میکانیزمەکانی دیموکراسی بێگومان پێویستی بە کات و زەمانێکی زۆر هەیە, بەڵام قبوڵکردنی چەمکی دیموکراسی لەخۆیدا پێشکەوتنێکی گەلێك گەورەی مرۆڤی هاوچەرخە.

دەوڵـەتی دیموکراسـی بنـەمای ئاڕاسـتەبوونی دەسـەڵاتی سیاسـی لـەخوارەوە بـەرەو سـەر دادەڕێـژێت. لەئەنجامـدا دەبـێ خـاڵی لوتکـەی هەرەمی دەسەڵات بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ خوارەوەی خۆیدا هەبێت و لەلایەن پێگەکانی خوارەوەش کۆنترۆڵ بکرێن. هەر ئەمەش وایکردووە کە بـەکارهێنانی توندوتیـژی سیاسـی لـە فـۆرمی دیموکراسـیدا, شـێوەیەکی مەنتیقی و ئەقڵانی لەخۆبگرێت. تەنانەت دەوڵەتی دیموکراسی بانگەشەی ئەوەدەکات کە هەرگیز لەنێو خـودی پێگـەی دەسـەڵاتداریەتی سیاسـی و لەدژی نەیارە سیاسیەکانیش توندوتیژی سیاسی بەکارناهێنێت و تەنها لە سـنوری (ناسیاسـی) و بـۆ سـزادانی ئـەو هاوڵاتیانـەی کـە دەسـتدرێژی دەکەنە سەر ماڵ و گیان و ئازادی خەڵکی, کەڵك لـە توندوتیـژی سیاسـی وەردەگرێـت. ئـەم بانگەشـەیە بنـەڕەتی یاسـایی هەیـە و قەدەغـەکردنی بەکارهێنانی توندوتیژی سیاسی بەشێکی یاسـا بنەڕەتیـەکانی پێکهاتـەی دەوڵەتە دیموکراسیەکانە. بەڵام لەسەرجەم دیموکراسیەکانی حـاڵی حـازر و لەپێشـینەی مێـژوویی دەوڵەتـە دیموکراسیەکانیشـدا کـە نزیکـەی دوو سەدەیە, گەلێك جار ئەو یاسا بنەڕەتیانە لەژێرپێنراون.

تا ناوکی دەسەڵاتی سیاسی یەکگرتووتربێت و تەمـەنێکی درێژتریشـی لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا هەبێت, ئەوا مەترسی بەکارهێنانی توندوتیـژی سیاسی لەدژی نـەیارە سیاسـیەکانی ئـەو دەوڵەتـە و مەترسـی نایاسـایی بــەکارهێنانی ئامرازەکــانی توندوتیــژی زیــادیکردوە. بــۆ نمونــە گــەر بگەڕێینەوە سەر پێشینەی مێژوویی پۆلیسی وڵاتانی فەرەنسا و ئیتالیا و ئەمریکا ئـەو سـێ وڵاتـە ئـەزمونێکی درێـژی دیموکراسـییان هەیـە, ئـەوە دەبینین لە رەفتـاری پۆلیسـدا, گـەلێك گوشـاری کۆمەڵایـەتی و گوشـاری دەرونـی خراوەتەسـەر هاوڵاتیـان و زۆرجـاریش ئـەو گوشـارانە گەشـتۆتە ئاستی ئەشـکەنجەدانی نـەیارانی سیاسـی. بـەڵام لـەمجۆرە حکومەتانـەدا هەمیشــە بــەکارهێنانی ئامرازەکــانی توندوتیــژی راســتەوخۆترە لــە بـەکارهێنانی ئـەو ئامرازانـە لەلایـەن نەیارانیـەوە. بـۆ نمونـە چـالاکیە تیرۆریســتیەکانی نــەیاران, بــەردەوام زەمینەیــەکی لــەباری لەمــەڕ سنوردارکردنی ئازادیی کۆمەڵایەتی و کاروبـارە مەترسـیدارەکانی لەلایـەن دەوڵەتـە دیموکراسـیەکانەوە فەراهـەمکردووە و لەوبوارەنـەدا, ئامـانجی توندوتیـژی سیاسـی تـەنها داوێنـی نـەیارە تورەکـانی نەگرتۆتـەوە و

هەندێجار سەرجەم لایەنە نەیارەکانی خستۆتە ژێر گوشارەوە. ئەزمونی دەیەی (٧٠) ی میلادی کە تێیدا چالاکی گروپە تیرۆریستەکانی (فراکسیۆنی سوپای سوور – Rot Armee Fraktion) لە ئەڵمانیا و (بریگادی سوور – Brigate Rosse) لە ئیتالیا و (کرداری راستەوخۆ – Action Directe) لە فەرەنسا, دەوڵەتەکانی ئەو وڵاتانەی روبەڕوی گەلێك کێشە کردبوەوە, ئەوە دەردەخات کە گوشار و کرداری توندوتیژی سیاسی تەنها روبەڕوی ئەندامانی ئەو گروپانە (کە زۆر بەئاستەم دەکەوتنە چنگی پۆلیسەوە) نەکراوەتەوە و زۆترین ئەو گوشار و لێدانانە ئاراستەی نەیارە یاسایی و ناتیرۆریستەکانی دەوڵەتەکان کراوە. هەلومەرجی قەیرانە ئابوری و کۆمەلایەتیەکان و جەنگی دەرەکی لەو هۆکارانەن کە بەکارهێنانی توندوتیژی سیاسی لەچوارچێوەی دەوڵەتە دیموکراتیەکان پەرەپێدەدەن. بەگشتی, تا میکانیزمەکانی گۆڕانکاریی نوخبە سیاسیەکان (لەرێگەی هەڵبژاردنی ئازادەوە) هێواشتر ئەنجام بدرێت و تا دەوڵەتە دیموکراتیەکان روبەڕوی قەیرانی گەورەتر بنەوە, ئەوا کەڵکوەرگرتن لە توندوتیژی سیاسی کەمتر دەبێتەوە. هەروەها هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی سنوری ئازادیی بەشێوەیەکی ئۆرگانی, بەتایبەتی گەشەپێدانی ئازادی بیروڕا دەربڕین, بەهەمان شێوە ئاستی بەکارهێنانی توندوتیژی سیاسی کەمدەکەنەوە.

## دەوڵەتی تۆتالیتار

دەوڵەتی تۆتالیتار فۆرمێکی نوێی دەوڵەتە کە لە سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا و, دەتوانین مۆدێلە مێژویەکانی, لە دەوڵەتی ستالینی شورەوەی و دەوڵەتی نازی هیتلەر لە ئەڵمانیادا ببینینەوە. پەیدابوونی ئەو فۆرمەی دەوڵەت کە رەنگدانەوەی توندترین وێنەکانی توندوتیژی و نادادپەروەری و بێڕەحمیە لە دەیەی (٢٠ و ٣٠) ی میلادیدا و, لە هەلومەرجێکدا کە زۆرینەی بیرمەندان و کۆمەڵناسان چاوەڕوانی سەرهەڵدانی کۆمەڵێکی دادپەروەرانەتر بوون. کاریگەریەکی فەرهەنگی زۆر خراپی کردە سەر ئەوروپا و تیۆرسێنەکانی فەلسەفەی سیاسی و لەوکاتەوە تا ئێستا بیرمەندان لە گەلێك بەرهەمدا هەوڵێکی گەورەیان داوە بۆ رونکردنەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو شێوە تایبەتیەی دەوڵەت.

دەوڵەتی تۆتالیتار لە هەلومەرجێکی زۆر تایبەتیدا سەرهەڵدەدات, کە دەبێ ئاگاداری ئەو هەلومەرجە بین, گرنگترین ئـو هەلومەرجانـە, قەیرانـە ئـالۆزە ئـابوری و کۆمەڵایەتیـەکانی وەکـو قـەیرانی ئـەوروپای دەیـەی بیستەمە. ئەو قەیرانە بوەهۆی ئەوەی کـە چـینە کۆمەڵایەتیـەکان, لـەژێر گوشـاری تونـدی هەژاریـدا, ئامـادەی وەرگرتنـی هـەرجۆرە رێبـاز و وێناکردنێکی خۆشباوەڕانە بن کە فاشیستەکان بەڵێنیان دەدا و گرفتـاری سـەرابی ئاینـدەی باشـتری فاشیسـتی بـن. لێکۆڵینـەوە کۆمەڵایەتیـەکان ئـەوەیان دەرخسـتووە کـە سـەرەتایترین فۆرمـەکانی سسـتبوونی چـینە کۆمەڵایەتیـەکان پەیوەنـدی بـە لەناوچـوونی ریزبەنـدیی و چـین بەندیـە کۆمەڵایـەتی و ئۆرگانیەکانـەوە هەیـە. لـە دۆخـە ئاسـاییەکاندا, هـەموو کۆمەڵێك خاوەنی جۆرێك (جیاوازیی کۆمەڵایەتی) یە, یان بەواتایەکی تـر, هەنـدێك دیـواری تایبـەتی کـە هـەمان سـنوری رۆڵـە کۆمەڵایەتیـەکان و دامـەزراو و گروپـەکان دیاریدەکـەن, دەبنـەهۆی جیاکردنـەوەی ئاسـتی تاکـەکان لەیـەکتر و شوناسـێکی تایبـەتی دەبەخشـنە هـەموو تاکێـك. ئەودەمـەی چـینە کۆمەڵایەتیـەکان سسـت دەبـن, ئـەوکات دامـەزراوە کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئەخلاقیەکانیش یەك لـەدوای یـەك روو لـە فـەنابون دەکەن. لەو دۆخە تایبەتیەدا, دیوارەکـانی نێوانیشـیان دادەڕمێـت و ئـەو تاکانـەی کـە پێشـتر بەشـێکی دامـەزراوێکیان پێکـدەهێنا و شوناسـێکی تایبەتیان هەبوو, لەناکاو وەکو دەنکە مورویێکی بێئامـانج لـەنێو کۆمەڵـدا بـەرەڵادەبن. ویلیـام کـۆرن هـاوزر (W..Kornhauser)ی کۆمەڵناسـی ئەمریکایی, بەو دۆخە دەڵێت" پارچە پارچەبوونی چـینە کۆمەڵایەتیـەکان و پێی وایە ئەو دۆخە بزاڤێکە بەرەو پێکهـاتنی کۆمـەڵی تۆتالیتـاریی. لـە قۆناغی پاش ئەو دۆخەدا, ئەو کەسـانەی کـە تـەنهاو بێکـەس لەکۆمەڵـدا بەرەڵاکراون تەنها دەتوانن دەسـتۆکێکی نـوێ بـۆ رزگـاربوون لـەو دۆخـە بدۆزنەوە, کە ئـەویش قبـوڵکردنی دەسـەڵاتی حکومـەتێکی گەورەیـە کـە ئـەویش بانگەشـەی ئۆرگـانیزەکردن و دیـاریکردنی چـارەنوس و ئـەرکی کۆمـەڵانی خـەڵك و سـەرجەم چرکەسـاتەکانی ژیـانی گشـتی و تایبـەتی تاکەکان رادەگەیەنێت. بەمشێوەیە, ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتاری (کۆمـەڵێکی دەسـتەیی) دەخولقێنـێ کـە جێگـەی (کۆمـەڵی مـەدەنی) دەگرێتـەوە.

دەستەیی‌بوونی کۆمەڵی تۆتالیتاری لەبەرئەوەیە، کە سەرجەم تاکەکان و گروپ و دامەزراوەکان لەسەر بنەمای تەوەرەێکی ئایدیۆلۆژی دیاریکراو وێنەدەگرن و پێکدێن. هاناائارنت (H.Arendt)ی فەیلەسوفی ئەڵمانی و ویلهێلم رایش (W.Reiche)ی دەروونناسی ئەڵمانی، لەمیانەی لێکدانەوەی دەستەیی‌بوونی کۆمەڵ، دەوڵەتی تۆتالیتار بەجۆرێك وەڵامی پۆزەتیڤ لەبەرامبەر ئارەزووە کەپتکراوەکانی ئەو دەستە و گروپانە دەزانن، کە ئامادەن زۆر بەسانایی هەموو جۆرە توندوتیژیەك ئەنجام بدەن، لە گوشار و نیگەرانیە دەرونیەکانی خۆیان رزگاریان بێت، کە ئەو نیگەرانی و دڵەڕاوکێیانەش بە دەرئەنجامی هەستکردن بە بەتاڵی شوناسی خود دەزانن.

دەوڵەتی تۆتالیتر بە کەڵکوەرگرتن لە توندوتیژی سیاسی دەتوانێت بەشێوەیەکی تایبەتی جارێکی تر کۆمەڵ ئۆرگانیزە بکاتەوە کە گرنگترینی ئەو توندوتیژییانەش بە وتەی ریمۆن ئارۆن (R.Aron) ی کۆمەڵناسی فەرەنسی بریتیە لە: دەستبەسەراگرتنی چالاکیە سیاسیەکان لەلایەن تاکە حیزبێکەوە، سەپاندنی ئایدیۆلۆژیایەکی رەسمی لەلایەن ئەو تاکە حیزبەوە وەکو (حەقیقەتێکی رەها) و کۆنترۆڵکردنی سەرجەم چالاکیە ئابوری و پیشەییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە.

دەوڵەتی تۆتالیتار بە تەرحکردنی ئایدیۆلۆژێکی سەرتاپاگیر وەکو ئایدیۆلۆژیی پایەبەرزیی رەگەزیی ئەڵمانی لەچاو رەگەزەکانی تر و یاخود ئەرکی مێژویی پرۆلیتاریا بۆ دروستکردنی سۆشیالیزم، دەیەوێت سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ لەژێر سایەی هێما و مۆدێلێکی ئاکاری و مەبدەئیی پێوەشخت ئامادەکراودا کۆبکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەوڵەتی تۆتالیتاریی بەشداریکردنی هاوڵاتیان دەکاتە ئەرکێکی سەپێنراو و بە هەڵگرتنی سەرجەم دامەزراوە ناحکومیەکان، تاکە رێگای بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، دەبەستێتەوە بە حیزب و خودی دەوڵەتەوە. بنەمای سەرەکی دەوڵەتی تۆتالیتاریی ملکەچی و گوێڕایەڵی بێمەرجی هاوڵاتیانە لەبەرامبەر سەرجەم یاسا بڕیارلەسەردراوەکانی دەوڵەت. بەڵام لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا، یاساکان جێگیر نین و هەرجارە و بەپێی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت دەگۆڕێن.

تۆتالیتاری بۆئەوەی گەشەبکات و درێژە بە ژیانی خۆی بدات کەڵك لە شـێوەیەکی تایبـەتی توندوتیـژی سیاسـی وەردەگرێـت, لـەو فۆرمـەی توندوتیژیدا لەباتی نمایشکردنی (جۆری پیادەکردنی توندوتیـژی) جـەخت لەسـەر (بوارەکـانی پراکتیزەکردنـی توندوتیـژی سیاسـی) دەکرێتـەوە. تاکـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی ئـەو جـۆرە دەوڵەتـە, دەبـێ هەمیشـە لـەوە بەئاگابن, کە لە هەر ئان و ساتێکدا رەنگە رووبـەڕوی توندوتیـژی سیسـی ببنەوە, لەبەرئەوەی زۆرجار پرۆسەی توندوتیـژی رواڵـەتێکی چرکەسـاتی وەردەگرێـت و رەنگـە بێئـەوەی ئاگـادارت بکاتـەوە داوێنـت بگـرێ, بەمجۆرەش ترس و دڵەراوکێ دەبێتە دۆخێکی سەرتاپاگیری کۆمەڵ, هـەر لەبەرئەمەش تاکەکان جگە لە پابەنـدبوونیان بەیاسـاکانەوە لـەوش زیـاتر جەخت لەسەر گوێڕایەڵی و ملکەچی خۆیان دەکەنەوە و بەردەوام هـەوڵی ئەوەدەدەن کە کلکەچی خۆیان نمایش بکەن.

لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکـەین کـە سیسـتمە تۆتالیتاریـەکان بەتەنها لەسەر بنەڕەتی میکانیزمی توندوتیژی سیاسی کارناکـەن, بـەڵکو کـەڵك لـە گـەلێك میکـانیزمی ئـاڵۆزتر وەردەگـرن, کـە لەمیانـەی ئـەو میکانیزمانەدا, گوێڕایەڵی و پابەندیی سیاسی و ئایدۆلۆژی, گرێـدراوە بـە بەرژوەندیە ئابوریەکانی تاکەکەسەوە. هـەروەها لەبەرئـەوەی ئـەو جـۆرە دەوڵەتانـە جۆرێـك لـە ئـابوری رکابـەری پیادەدەکـەن, ئـەوا هەمیشـە روبـەڕوی هـەژاری دەبنـەوە, و تاکـەکانیش ناچـارن بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی دەرامـەتیان لـە ملکەچـی و گوێڕایەڵیـدا رکابـەریی یـەکتر بکـەن. لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانین بڵێین دەوڵەتی تۆتالیتار بەبێ دوژمن و نـەیارە و رووبەڕوی ناکۆکی و بەرەنگاری نابێتەوەز چ لـە ئـەڵمانیای هیتلـەریی و چ لە روسیای ستالینیدا, نەیارە سیاسیەکانیان وەکو ملیۆنەها دوژمنی تـری خۆیان لـەناوبرد. بـەڵام لـەو دوو دەوڵەتـە و لـە دەوڵـەتانی تۆتالیتاریـدا, قوربانیە سەرەکیەکانی توندوتیـژی, نـەیارە سیاسـیەکان و ئـەو لایەنانـە نەبوون کە دەیانویست دەسەڵات بگرنەدەست, بـەڵکو لـە ریـزی یەکـەمی قوربنیەکاندا ژمارەیەکی زۆر لەو هاوڵاتیانە بوون کەبـەبێ ویسـتی خۆیـان خرابوونـە قـاڵبی (دوژمنـی ئایـدیۆلۆژی) دەوڵەتـەوە. لـە ئـەڵمانیای هیتلەریدا, جولەکەکان و لـە روسـیای جوتیـاران و ستالینیشـدا, ئـەو دوو گروپە گەورە کۆمەڵایەتیە بوون کە بەناچاریی رۆڵی قوربانیان دەبینی تـا ئامانجەکانی دەوڵەتە تۆتالیتاریەکان بێنەدی.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبدەین، ئەو جیاوازیانەیە کە لەنێوان نمونەی ستالینیی و نمونەی هیتلەریی دەوڵەتی تۆتالیترێریدا هەیە. تائێستا لەمبارەیەوە گەلێك لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوە، کە سەرباری دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانی بەکارهێنانی توندوتیژی سیاسی، گەلێك جیاوازیشیان لەرووی جۆری پەیوەندی لوتکەی هەرەمی دەسەلات لەگەڵ هاولاتیاندا، دۆزیوەتەوە. ئەم جیاوازیانەش دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەی کلتوریی هەردوو ولاتی ئەڵمانیا و روسیا.

هەبوونی زەمینەی دەوڵەتی گەورە و خاوەن دەسەلات و بەهێز لە روسیادا، بەپێوانەکردنی لەگەڵ دەوڵەتە بچوك و لاوازەکانی ئەڵمانیا و، توێژی دواکەوتووی پێش پیشەسازیی و لادێیی لە روسیا، بەپێوانەکردنی لەگەڵ توێژە پێشکەوتوەکانی ئەڵمانیا، ئەو جیاوازیانەن کە زۆر بەئاشکرا لە جیاوازیی فەرهەنگی ئەو دوو ولاتەدا خۆیان دەردەخەن. هەر ئەو جیاوازیانەش جارێکی تر پەیوەندیی بە جۆری پێکهاتەی دەسەلاتەوە هەیە، لەو دوو ولاتەدا.

دەوڵەتی ستالینی، لەپاش قۆناغێکی پڕ لە توندوتیژی و، لەپاش شۆڕش و لەئاکامی جەنگە ناوخۆییەکان و دوای پاکسازیی ناو حیزب، هاتەئاراوە. ئەمەش لەحاڵێکدایە، کە دەوڵەتی هیتلەر لەنێو قۆناغێکی دیموکراسی (بەپێش زەمینەی قەیرانێکی ئابوری – کۆمەلایەتی) و لەرێگەی دەنگدانی ئازادانەی هاولاتیان و بەهۆی دەنگی جوتیاران و کرێکارە نائومێدەکانی حیزبی کۆمۆنیستەوە و لەپاش مسۆگەرکردنی دەنگی چینی ناوەندی هاولاتیانەوە، لەدایك بوو.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ئەو دوو دەوڵەتە، پاش دروستبوونیان، هاوشێوە یاخود نیمچە هاوشێوە، کەڵکیان لە توندوتیژی سیاسی وەرگرت.

## ئامرازەکانی توندوتیژی دەوڵەت

یەکێك لە نیگەرانیەکان و ئامانجە سەرەکیەکانی هەموو دەوڵەتێك، هەر شێوە و ناوەڕۆکێکی هەبێت، پاراستنی دەسەلاتی سیاسیە. لەبەرئەوەی یەکێك لە هۆکارەکانی بوون و یەکەمین پەیامی هەموو جۆرە دەوڵەتێك، دروستکردنی ناوەندێکی دەسەلاتی سیاسیە، کە دواتر بە پشتبەستن بەو ناوەندە بتوانێ ریتمێکی هەماهەنگی کۆمەلایەتی لەنێوان

ئەکتەرە کۆمەڵایەتیەکاندا دروست بکات. لەم میانەیەشدا, جیاوازیی سەرەکی دەوڵەتە دیموکرات و نادیموکراتەکان, تەنها لە بوون یان نەبوونی میکانیزمەکانی کۆنترۆڵ و توانایی گۆڕانکاریی ئەو دەوڵەتانەدایە, بەئاڕاستەبوون لەخوارەوە بەرەو سەرەوە. هەروەها ئەو بنەڕەتە سەرەکیە, گەر سەبارەت بە دەوڵەتێکی تۆتالیتاریی بێت, یاخود سەبارەت بە دیموکراسیترین شێوەی دەوڵەتی دیموکراسی بێت, هەمان جێگەی خۆی هەیە. بەکارهێنانی توندوتیژی سیاسی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدایە و هەرکاتێك ئەو دەسەڵاتە راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دەستدرێژی بکرێتەسەر, ئەوا دەوڵەت لەبەرامبەردا کاردانەوەی دەبێت. لێرەدا پێویست ناکات بچینە ناو ئەو باسەوە, کە ئایا توندوتیژی سیاسی سەرەتا لەسەرەوە دەستپێدەکات یاخود لەخوارەوە, لەبەرئەوەی لەئەنجامدا ئێمە لە هەردوو بارەکەدا رووبەڕوی دیاردەیەك بوینەتەوە کە ناوی توندوتیژی سیاسییە. لەبەرئەوەی بەردەوام دەوڵەت دەیەوێت سنوری دەسەڵاتی لەمەڕ کەڵکوەرگرتن لە توندوتیژی زیاتر بسەلمێنێت و, لەئاکامدا سنوری دەسەڵاتی هاوڵاتیان کورتبکاتەوە, ئەوا هاوڵاتیانیش لەبەرامبەردا, لەرێگەی دژایەتی و بەرەنگاریەوە دەیانەوێت و سنوری دەسەڵاتەی دەوڵەت بەرتەسکتر بکەنەوە, کە ئەمەش بریتیە لە پەرەپێدانی ئازادی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی.

باسی سەرەکی ئێمە لەسەر ئاستی کردار و پەرچەکردارەکانی هەردوو رووی ئەو پەیوەندیە و ئەو تەفسیرەیە کە هەریەك لەو دوو لایەنە لەبەرامبەر کردارەکانی یەکتر دەیکەن, بۆ نمونە, ناڕەزایی دەربڕین یاخود خۆپیشاندانێك, رەنگە بە گەلێك شێوەی جیاواز, لەلایەن هێزی دەسەڵاتدارەوە تەفسیر بکرێت و لەبەرامبەریدا کاردانەوەیەکی توندوتیژ بنوێنێ و ئەمەش جارێکی تر گەلێك کاردانەوەی تر لەلایەن جەستەی کۆمەڵایەتیەوە دروست دەکات کە لەسەر بنەڕەتی تەفسیری ئەو کاردانەوەیەی حکومەت بنیاتدەنرێ.

دەوڵەت, بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی, گەلێك ئامرازی هەمەجۆر بەکاردەهێنێ. فۆرم و ناوەرۆکی دەوڵەت, تاڕادەیەکی بەرچاو چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەو ئامرازانە و ئاستی کەڵکوەرگرتن لە هەریەك لەو ئامرازانە و چۆنیەتی بەکارهێنانی هەریەك لەو ئامرازانە دیاریدەکات. گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیش لەلای خۆیەوە هۆکارێکی کاریگەرە بۆ سەر گۆڕینی ئەو ئامرازانە. یاساکانی دەوڵەت زۆرجار لەم میانەیەدا دەبنە ئاوێنەی راستەقینەی ئەو هەڵبژاردنی ئامرازانە.

## سەرکوتکاری جەستەیی

مەبەست لە سەرکوتکردنی جەستەیی, رووبەڕوبونەوەی فیزیکیی هێز و دەسەلاتی دەولەتە لەبەرامبەر ئالۆزیی و قەیرانە کۆمەلایەتی و سیاسیەکان. ئەو ئالۆزیی و قەیرانانەش زۆرجار لە وێنەی شۆڕشەکان و خۆپیشاندانی سەرشەقام و مانگرتنەکاندا خۆیان دەنوێنن و ئاستی توندوتیژی لەهەریەکیاندا جیاوازە. پراکتیزەکردنی توندوتیژی سیاسی لەلایەن دەولەتەوە لەوکاتانەدا بە دوو مەبەست ئەنجام دەدرێت" لەلایەکەوە گەمارۆدانی خالی سەرەکی ئالۆزیی و بارگرژیەکە, بەمەبەستی رێگەگرتن لە تەشەنەکردنی بۆ خالە پەراوێزەکان و, لەلایەکی تریشەوە لەناوبردنی ئەو بارگرژیە بەشێوە پڕ لە توندوتیژیەکان, یاخود بەرگرتن لەو ئالۆزیە لەرێگەی ئاشتیخوازانەوە. ئەزموونی مێژویی سەرکوتکاریە جەستەییەکان دەریخستووە, کە بارگرژیە کۆمەلایەتیەکان زۆر بەخێرایی و توندی سەرکوتکراوە. لە رۆم و ئێرانی کۆندا, شۆڕشی ئەو شارانەی لە جەنگەکاندا داگیردەکران و زۆرجاریش شۆڕشە ناوخۆیەکان لەرێگەی کوشتاری بەکۆمەلی سەرجەم هاولاتیان یاخود بەکوشتنی پیاوان و بەدیلگرتنی ژنان و منالان سەرکوت دەکرا. ئەم جۆرە مامەلەکردنە, لە سزادانی بەکۆمەل, لەبەرامبەر تاوانی بەشێکی کۆمەل, وێنەیەکی بەناوبانگی ئەو دەولەتە نەتەوەییانە بوو کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا دروست بوون و دواتر لەگەل هاتنی بنەڕەتە تازەکانی ماف و داد, وردەوردە لەناوچوون. بەلام لەسەردەمی هاوچەرخدا, دەولەتە تۆتالیتاریەکان جارێکی تر ئەو بنەڕەتانەیان بەکارهێنا, هەروەکو چۆن لەناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ئەلمانیا و فەرەنسا و روسیای کۆندا, هەموو جۆرە نارەزایی و شۆڕشێك رووبەڕوی سزای بەکۆمەل دەکرایەوە و سەرجەم هاولاتیان سزادەدران.

لە سەدەکانی ١٨ و ١٩ ی پێش جێگیربوونی دەولەتە نەتەوەییەکاندا, بەرپرسارێتی سەرکوتکردنی خۆپیشاندان و شۆڕشە جەماوەریەکان, لەئەستۆی سوپا بوو. لە پرۆسەی سەرکوتکاریی نەیاراندا, جۆری مامەلەکردنی (دوژمنی دەرەکی و ناوخۆیی) وەکو یەك بوو. هەربۆیە لە یەك کاتدا, سوپا هەم خۆی بە بەرپرسی پارێزگاریکردن

لـه سـنورەکانی وڵات دەزانـی و هـەم ئـەرکی سـەرکوتکردنی نائارامیـە ناوخۆیەکان بوو. ئەمـەش دەبـووە هـۆی ئـەوەی، توندوتیـژی سیاسـی و سـەرکوتکردنی جەسـتەیی، بـەبێ هـیچ بەڵگـە و هۆکـارێکی شایسـتە پەرەبسـێنێ و، لـەباتی ئـەوەی رێ لـە تەشـەنەکردنی بگیرێـت، سـەرکوتکردنی خۆپیشـاندانێکی جـەماوەریی بەشـێوەیەکی خوێنـاوی، جارێکی تر دەبوە ئـەنگێزەی خۆپیشـاندانێکی بـەرفراوانتر. هـۆی ئەمـەش ئەوەبوو، کـە سـوپا بـۆ رووبەڕوبونـەوەی خۆپیشـاندانەکان رانـەهێنرابوو، سـوپا هـیچ شـێوازێکی تـری جگـە لـە شـێوازی جـەنگی نـەدەزانی و ئـەو شـێوازەش زۆر پـڕ لـە توندوتیـژی و مەرگەسـاتبارە و، بـەکارهێنانی دەبوەهـۆی بـەرپابوونی قەسـابخانەیەکی گـەورە. مەترسـیەکی تـری بەکارهێنانی سوپا بۆ سەرکوتکردنی نائارامیـەکان، ئەوەیـە کـە لـە رووی دەرونیەوە گوشارێکی توند دەکەوێتە سەر ئەنـدامانی سـوپا، ئەودەمـەی رووبەڕوی هاوڵاتیان و زۆرجار روبەڕوی هاوشاریەکانی خۆیان دەبنـەوە و، لەئاکامی ئەمەشدا، زۆرجار سەربازەکان لە خزمەتی سەربازی رادەکـەن و لەوەش مەترسیدارتر رەنگە دەست بدەنە کودەتا و شۆڕشی سەربازی و، بەمـەش مەترسـیەکی زۆر گـەورەتر لـە خۆپیشـاندانە جەماوەریەکـە، روبـەڕوی دەسـەڵاتی سیاسـی دەبێتـەوە. هـەر لەبەرئەمـەش، یـەکێك لـە گونجـاوترین چـالاکیەکانی دەوڵەتـە نەتەوەییـەکان، تەربیـەتکردن و راهێنانی گاردێکی تایبەت بـوو، لەمـەڕ رووبەڕووبونـەوەی خۆپیشـاندان و شۆڕشە ناوخۆییەکان. ئەو هێزانەش ئەرکی سـەرەکییان سـنوردارکردن و رێگریکـردن بـوو لـە ئاڵۆزیـەکان و، کـەمتر هێـرش دەکرایـە سـەر خۆپیشـاندەران و، گـەر هێـرش بکرایەتەسـەریان، ئـەوا تـەنها بـۆ پەراگەندەکردنی خۆپیشاندەران بـوو، نـەوەکو بـۆ دەسـتگیرکردنیان. بـۆ ئەم مەبەستەش ئەو هێزانە جـۆرە چـەکێکیان بـەکاردەهێنا کـە کـەمترین مەترسی گیانی لێدەکەوتەوە.

بـەکارهێنانی ئـەو شـێوازە نوێیـە، ئاسـتی توندوتیـژی سیاسـی لـە سـەرکوتکردنی بارگرژیەکانـدا کـەمکردەوە و رێگـەی لـە پەرەسـەندنی جوگرافی بارگژیەکان گرت.

## بەندیخانە

ڕێگرتن لە ئازادی نەیارانی سیاسی، لەگەڵ لەدایکبوونی دەسەڵاتی سیاسیدا، لەدایك بووە و پێشینەی سەرهەڵدانی ئەمجۆرە توندوتیژیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی. بەڵام بەکارهێنانی بەندیخانە، وەکو یەکێك لە ئامرازەکانی توندوتیژی، لە دەوڵەتە کۆنەکاندا زۆر کەمتر بوو لەئێستا، لەبەرئەوەی لەو دەوڵەتانەدا سزایەکی گەورەتر لە زیندانیکردن، ڕووبەڕوی نەیارانی سیاسی دەکرایەوە. کە ئەو سزایەش زۆرجا ڕمەرگ و هەندێجار زیندانیکردنی هەمیشەیی یان بەکۆیلەکردنی بوو. بۆ نمونە لەسەردەمی هێنری هەشتەمدا (١٥٠٩ تا ١٥٤٧) بۆ سەرکوتکردنی بێکاران، کە هەمان ئەو گوندنشینانە بوون کە ئاوارەی شار و گوندەکان ببوون، سەرەتا سزای شەلاق بەکارهێنراو، دواتر لە ساڵی ١٥٤٧ ەوە، لەکاتی یەکەمین دەستگیریی سزای ساڵێك کۆیلایەتی و ڕەعیەتی بەسەردا دەسەپێنرا لە زەوی ئاغایەکدا، لە جاری دووەمدا سزای ڕەعیەتی هەمیشەیی دەدرا و سێیەم جار سزاکەی مەرگ دەبوو. زیندانیکردن و سەلبکردنی ئازادیی تاکەکان لەبەر تاوانی سیاسی، جگە لە بارەی ئەو کەسانەی کە دەوڵەت لەبەر هۆیەکی نادیار نەیدەویست بکوژرێن، زۆر کەم بوو. کە ئەو کەسانەش زۆرجار خزم و کەسوکاری چینی دەسەڵاتدار یان پلەوپایەدارە حکومیەکان بوون. بەندیخانە بە بودجەیەکی زیادە بۆ دەوڵەت دانرا و زۆرجار بەندکردنی سیاسی سزایەکی کاتی بوو تا لەکاتی پێویستدا بڕیاری تر بەسەر تاوانباری سیاسیدا جێبەجێبکرێت. هەر لەبەرئەمەش، تا پێش سەدەی ١٦ لە بەریتانیا و تا پێش سەدەی ١٧ لە فەرەنسا، بەندیخانە دانەمەزرا و سزای زیندانیکردن لە سەدەی ١٩ و لەژێر کاریگەیی شۆڕشە دیموکراسیەکاندا، وردەوردە جێگەی سزای لەسێدارەدانی گرتەوە. تا سەرەتای سەدەی بیستەم، ژمارەی زیندانیە سیاسیەکان کەم بوو. بەڵام هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی سەدەی بیستەم و بەتایبەتی لەگەڵ پەیدابوونی دەوڵەتی تۆتالیتاریی، ژمارەی زیندانیە سیاسیەکانیش زیادیکرد و لەچوارچێوەی سیستمی ئۆردوگاکاندا، نەیاران کۆکرانەوە. ئەو ئۆردوگایانە، تا پێش دەستپێکردنی سەدەی بیستەم زۆر بەکەمی

دەبینران و پاش دروستبوونی جەنگە نێودەوڵەتیەکان بەڕادەیەکی زۆر پەرەیان پێدرا. بۆنمونە دەتوانین ئاماژە بەو ئۆردوگا سەربازیانە بکەین کە ئیسپانیەکان لەمیانەی جەنگیان لەگەڵ ئەمریکا لەساڵی ١٨٩٨ لە کوبا بەرپایان کرد, یا ئۆردوگای بەریتانیەکان لەمیانەی جەنگ لەگەڵ بێڤێرەکان, لەکۆتایی سەدەی ١٩ لە ئەفریقای باشور. هەروەها لەساڵی ١٩٣٨ دا, فەرەنسا ئۆردوگایەکی گەورەی دروستکرد بۆ لەخۆگرتنی ئەو کۆماریخوازە ئسیپانیانەی کە پێش شکستخواردن لە فاشیزمی ژەنراڵ فرانکۆ, رویان لە فەرەنسا کردبوو. ساڵێك پاشتر, ئەو جولەکە دەسگیرکراوانەی لەلایەن دەوڵەتی ڤیشی (Vichy) یەوە کۆکرابونەوە, لەو ئۆردوگایەدا نیشتەجێکران. هەروەها ئەمریکا لەمیانەی جەنگی دووەمی جیهانیدا زیاتر لە ١٠٠ هەزار ئەمریکایی بە رەگەز ژاپۆنی و پەنابەرە ژاپۆنیەکانی رۆژئاوای وڵاتیان گواستەوە بۆ ناوچەکانی ژێر چاودێریی حکومەتی ئەمریکا لە ناوەڕاستی وڵات. بەڵام گەورەترین ئۆردوگای کاری زۆرەملێ, لەمیانەی دوو سیستمی تۆتالیتاریی ئەوروپایی و لەئەڵمانیای هیتلەریی و لە روسیای کۆندا دامەزرا.

ئەوکاتەی فاشیستەکان دەسەڵاتی ئەڵمانیایان گرتەدەست, بەگۆڕینی یاسای بنەڕەتی, بواریان بۆ پۆلیسی سیاسی رەخساند, کە سەربەست بێت لە گرتنی هەرکەس لە هەر پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتی و لە هەرکاتێکدا پێوست بکات و لە ئۆردوگا گەروەکاندا بۆ چەند بیەوێت, بیانهێڵێتەوە. هەر لەیەکەم ساڵەوە بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان ١٦ ئۆردوگای گەورە دامەزرا لەوانەش: بوخت ڤاڵد (Bachenwald) و داخا (Dachaa) و راڤێنبرۆك (Ravenbruck) و زاختر هاوزن (Sachsenhause) و فلۆسێنبۆرگ (Flossenbarg) و ماتهاوزن (Mauthausem) و ئەو ئۆردوگایانەش پڕبوو لە نەیارانی سیاسی و نەتەوە نائاریایی و لادەرە کۆمەڵایەتیەکان. ژمارەی زیندانیەکانی ئەو ئۆردوگایانەش لە ساڵی ١٩٣٩ دا, نزیکەی ٢٥ هەزار کەس و لە کۆتاییەکانی جەنگدا زیاتر لە ٧٠٠ هەزار کەس بوون. ژمارەیەکی زۆر لەو ئۆردوگایانەش لەساڵی ١٩٤٢ دا, کەوتنە ژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی (دەفتەری ناوەندی ئابوریی و بەڕێوەبەریەتی ئێس ئێس) ( SS-Wirtschsfts Verwaltangshaptant,

WVHA) و لەو ئۆردوگایانەدا زیندانیەکان لە کارخانە پیشەسازیەکاندا و بەتایبەتی لە کارخانە کیمیایی و سەربازیەکاندا تا ئاستی مردن دەخرانە ژێر کاری قورسەوە و دواتریش دەکوژران. ژمارەیەکی تری زیندانیەکان بۆ تاقیکردنەوە دەخرانە بەردەستی پزیشك و لێکۆڵەرەوە نازیەکان و, لەو تاقیکردنەوانەدا بەشێوەیەکی زۆر ناشرین دەکوژران.

لە روسیای کۆندا یەکەمین ئۆردوگا, پاش شۆڕش لە ناوچە ساردەکانی باکوری روسیا و لە دورگەکانی سۆلۆتسکیە (Solretskiqe) لە دەریای سپی دامەزرا و دواتر لەسەرتاسەری خاکی ئەو وڵاتەدا و بەتایبەتی لە پێنج ناوچەدا چڕکرانەوە: یاگری (Yagri) و ئارخلنگز (Arkhangesisk) و پشورا (Pechora) و کاراگاندا (Karganda) و تی شێت کۆمسۆمۆلسك نائامور (Tayshet – Komsomolsk – na-amre) و دالسترۆی (Dalstroy).

لەسەرەتای شۆڕشەوە تا کۆتاییەکانی دەیەی ٥٠ ی میلادی, ملیۆنەها کەس لەو ئۆردوگایانەدا لە دژوارترین هەلومەرجدا, دەخرانە ژێر کارەوە و, بەپێی ئامارەکان ژمارەی قوربانیان لەو ئۆردوگایانە گەیشتە نزیکەی (٢٠) ملیۆن کەس. لەو ئۆردوگایانەدا (دوژمنە چینایەتیەکان و دژە شۆڕشەکان و جوتیارە نافرمانەکان و گیراوە سیاسیەکان و نەتەوە گومانلێکراوەکانی وەکو ئەڵمانیەکانی ناوچەی ڤۆلگا و ژمارەیەك لە نەتەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی روسیا لە بالقان) زیندانیدەکران. زیندانیەکانی ئەو ئۆردوگایانە, لە چەندین پرۆژەی گەورەی وەکو دروستکردنی کەناڵی دەریای سپی – بالتیك و کەناڵی مۆسکۆ – بەشدارییان کرد و, بەهەزاران کەس بوونە قوربانی. سەدەی بیستەم, لەپاڵ ئەو سیستمە ئۆردوگایانەدا, شایەتی زیادبوونی ژمارەی زندانیە سیاسیەکان بوو, لە وڵاتانی تازەپەرەسەندودا. ئەو وڵاتانە کە تا سەرەتای ساڵەکانی دەیەی ٨٠ ی میلادی لەرێگەی ئیدارە سیاسی و نادیموکراسیەکانەوە بەرێوەدەچوون, لەئاستی ناوخۆدا گەلێك نەیاری سیاسیان هەبوو. هەر لەبەرئەمەش, لەناوبردن و کوشتنی ئەو نەیارە سیاسیانە, لەبەر چەند هۆکارێك, ئەنجام نەدرا. یەکێك لەو هۆکارانەش زۆریی ئەو نەیارانە و پەراگەندەیی جوگرافیایی ئەو نەیارانە بوو, کە کوشتنی نایاساییان, دەبووە هۆی دروستبوونی بارگرژی لەناو کۆمەڵدا.

لەو دەوڵەتانەدا، بەردەوام سیستمەکە خۆی لە کوشتنی ئەو کەسانە دەپاراست، کە بە تاوانی ئازادی رادەربڕین دەگیران. لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەو دەوڵەتانە بانگەشەی جەماوەریبوونی خۆیان رادەگەیاند و لەمەڕ بەرهەڵستیکردنی ئیستعمار هاتبونە سەرکار. هۆکارێکی تریش پابەندی ئەو وڵاتە بوو بەو وێنەیەی لەجیهانی دەرەوەدا بۆیان دەکرا، کوشتنی نەیارانی سیاسی، وێنەی ئەو دەوڵەتانەی بەتوندی بریندار دەکرد. سێیەمین هۆکاریش، ئەوەبوو کە بە کوشتنی نەیاران، لەبەر پەیوەندیی خزمایەتی و خێزانیی، دەبوە هۆی دروستبوونی دوژمنایەتی خێزانی لەگەڵ دەوڵەت و دوایەمین هۆکاریش ئەوەبوو کە لەکاتی کوشتنی نەیاراندا، بەرپرسیاریەتی ئابوریی خێزانەکانیان راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دەکەوتە ئەستۆی دەوڵەت. لەبەر ئەم هۆکارانە و لەبەرئەوەی دەوڵەت رازیینەبوو بەوەی کە نەیاران ئازادبن، ئەوا ژمارەی گیراوەکان لەپاش ساڵەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم پەرەیسەند و، زۆرترین ژمارەی زیندانی سیاسی لەو رژێمانەدا دەبینرا، کە بەهۆی کودەتای سەربازیەوە هاتبونە سەرکار. ئەمجۆرە رژێمانە، زۆرجار رابەری نەیارانیان دەکوشت و ئەودوای نەیارانیان زیندانیدەکرد. پەرەسەندن و زۆربونی ژمارەی زیندانیانی سیاسی لەو وڵاتانەدا، لە رەوتێکی بەردەوامدا و پاش جەنگی دووەمی جیهانی تا دەیەی ٨ و، پاش پەرپینەوەی ئەو دۆخەی دەسەڵات بۆ پەیدابوونی دەوڵەتە دیموکراسیەکان، بە روونی دیاربوو. لەومیانەیەدا، زیندان بەهۆکارێك دەژمێردرا بۆ لەناوبردنی هێمنانە و وردەوردەی نەیارانی سیاسی و سڕینەوەیان لە مەیدانی بەربەرەکانێی سیاسیدا.

لەسەرەتای دەیەی ٨٠ و بەتایبەتی لەسەرەتای دەیەی ٩٠ ی میلادیی، ژمارەی زیندانیە سیاسیەکان لەجیهاندا بەپێوانەی لەگەڵ چەن دەیەیەکی پێشتر، کەمیکرد. بەڵام هێشتا ئەو ژمارەیەش زۆربوون.

دەبێ لێرەشدا ئەوە فەرامۆش نەکەین، کە لە دەوڵەتە نادیموکراسیەکانی جیهانی ئەمڕۆدا، لەبەر گۆڕانکاریی جیهان بەئاراستەی رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، کەمتر سود لە بەندیخانە وەردەگیرێت، بەڵام دەوڵەت بەپێی مکانیزمێکی تر، کە خۆی لە دەستدرێژیکردنەسەر مافی نەیاراندا دەبینێتەوە" بۆ نمونە رێگەگرتن لە بواری کارکردنی نەیاران، هێرش دەکاتە سەر نەیارانی سیاسی. زۆرجاریش، سزادانە ئابوریەکان و

دروستکردنی تۆمەت, ڕێگە لە چالاکی نەیارانی سیاسی دەگرێت. هەر لەبەرئەوەش, بایەخی ئازادیی و رون و بێپەردەیی زانیاریەکان لە کۆمەڵە تازەپەرسەندوەکاندا, بۆ ڕێگەگرتن لە خراپ بەکارهێنانی دەسەلات و لەژێرپێخستنی یاساکان, دوو ئەوەندە زیاددەکات.

## ئەشکەنجە

ئەشکەنجە لە سادەترین مانایدا بریتیە لە (هەر جۆرە کار و رەفتارێك کە بەئەنقەست لەمەڕ ئازار و گوشاریی جەستەیی و دەرونی بۆ سەر مرۆڤ, ئەنجام بدرێت). لێکۆڵینەوەکان جەخت لەسەرئەوە دەکەنەوە کە (ئەشکەنجە) جۆرە رەفتارێکی تایبەتە بە مرۆڤ کە لەنێو هیچ جۆرە بونەوەرێکی تردا, نابینرێت. دەستدرێژیکردنەسەر یەکتر و ئەو رەفتارانەی کە لای مرۆڤ بە رەفتاری توندوتیژ وەحشیانە لەقەڵەم دەدرێن, لەنێو ئاژەڵەکاندا بەرەفتاری ئاسایی دادەنرێن و, ئاژەڵ بەمەبەستی دابینکردنی خۆراك, بە راوکردنی ئاژەڵەکانی تر و, زۆرجاریش بۆ بەرگریکردن لە ژیان لەبەرامبەر ئاژەڵە راوچیەکاندا, ئەنجامیدەدات. لەئەنجامی ئەمەشدا دەردەکەوێت کە ئەو رەفتارانەی ئاژەڵ هیچ جۆرە بێرەحمی و ئارەزوییەك بۆ ئەشکەنجەدانی بەرامبەرەکەی تێدا نیە. کەواتە دەتوانین ئازار و ئەشکەنجەدان بەدیاردەیەکی تەواو مرۆیی دەستنیشان بکەین.

ئەشکەنجە, پێشینەیەکی دوورودرێژی مێژوویی هەیە و ئەنگێزەی ئەشکەنجەدانیش بەدرێژایی مێژوو, گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەندێك ئەشکەنجە لەچوارچێوەی داب و نەریت و باوەڕە خورافیەکانەوە سەرچاوەی گرتوە. لە شارستانیەتە کۆنەکانی ئەمریکا (ئەزتەك و مایا)کان گەلێك نمونە لەمجۆرە (توندوتیژیانە) بەرچاودەکەون وەکو: قوربانیکردنی مرۆڤ و مرۆڤخواردن و بڕینەوەی ئەندامەکانی لەش کە لەبەر هەندێك هۆکاری ئایدۆلۆژی و لەچوارچێوەی جیهانبینی ئەو شارستانیەتانەوە, ئەنجام دەدران.

لە کۆنترین چاخەکانی مێژوودا, ئەشکەنجە لەبەر هەندێك هۆکاری دەرونی (سادیسم و ئازاردانی ئەویتر) ئەنجام دراوە و لە کتێبە مێژووییەکاندا نمونەی گەلێك ئەشکەنجەی ترسناك, بەرچاودەکەوێت. لەو

ئەشــکەنجەدانانەدا, بــەردەوام وەسواســێکی نەخۆشــانە دەبینرێــت کــە بریتبــوو لــە درێژکردنــەوەی ئەشــکەنجەدان و دواخســتنی مــەرگی کەســی ئەشکەنجەکراو, کە بـەجۆرێك ئـارامی دەرونـی بـۆ کەسـی ئەشـکەنجەدەر دەژمێردرێت.

ئەشکەنجە وەکو ئامرازێکی توندوتیژیی, لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکـەمین دەوڵەتدا, بەردەوام وەکو هۆکارێك کە وەحشیەتێکی گـەورەتر لـە مـەرگ دەخاتــەوە, کــەڵکی لێــوەرگیراوە. لەبەرئــەوەی لــە وێنــاکردنی دەوڵەتــە کۆنەکاندا و بەگشتی بـە پشتبەسـتن بـە تێـڕوانین و زەینیـەتێکی ئـاینی, مەرگ وەکو قۆناغی پەڕینەوە بۆ جیهانێکی بڵندتر و باشتر و بەمانایـەکی تــر, مــەرگ بــە قۆناغێــك بــۆ ئــارامی و بەختــەوەریی دەژمێــردرا. هــەر لەبەرئەمەش, دەسەلاتدارانی ئەو دەوڵەتانە دەیانزانی کە پێویسـتیان بـە ئامرازێکی ترسناکتر لـە مـەرگ هەیـە, تـا نـەیارە سیاسـیەکان لەناوببـەن یاخود زانیاری پێویستیان لێوەربگرن. ئەو ئامرازانەش, شتێك بوو بەناوی ئەشــکەنجەدان, کــە بەداخــەوە لــە هــیچ بــوارێکی تــردا مــرۆڤ هێنــدەی دۆزینــەوەی ڕێگــەی جیــاوازی ئەشــکەنجە, داهێنــانی وەحشــیانەی تــری پێشکەش بە مرۆڤایەتی نەکردووە.

کـۆنترین بوارەکـانی بـەکارهێنانی ئەشـکەنجە لـە ئەزمونـە کۆنـەکانی دەوڵەتاندا, بینراوە. لەو ئەزموون و تاقیکردنەوە کۆنانەدا, ئەودەمەی کە کەسێك بە گوناهێك تاوانباردەکرا, گەلێك جۆری ئەشکەنجە بـەکاردەهێنرا بۆ داوەریکردن لەسـەر گوناهەکـەی. بـەکارهێنانی ئـاگر وەکـو ئـامرازێکی ئەشکەنجە بۆ نمونە داخکردن بە ئاسنی گەرم و ڕۆیشـتن بەسـەر ئـاگردا, بــۆ ئــەو کەســانە بکــاردەهێنرا کــە بــە تــاوانێکی گــەورە دەگــیران و, بەکارهێنانی ئاوی گەرم و سارد, زۆرتر بۆ ئەو کەسـانە بـەکاردەهێنرا کـە بە تاوانێکی بچوکتر دەگیران. لـە یۆنـان و ڕۆمـی کۆنـدا, ئەشـکەنجەدانی کۆیلەکان زۆر باو بوو, بەلام ئەشکەنجەدانی هاولاتیانی تری چینە بـەرز و ئازادەکـانی کۆمـەڵ بەتـەنها لەبـەر تـاوانی سیاسـی وەکـو (ئیهانـەکردنی پلوپایـەی پادشـا) بـەکاردەهێنرا. هـەروەها لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا, جارێکی تر کلێسا ئەشـکەنجەی بـۆ لێکۆڵینـەوە داوەریـەکان بـەکارهێنا و رووی یاسایی بەخشیە ئیعتراف وەرگرتن لـە تاوانبـارانی ئەشـکەنجەدراو. لــەو ســەردەمانەدا بــەکارهێنانی ئەشــکەنجە لەگــەڵ دەســتبەکاربوونی

دادگــای پاکتــاوکردنی ئــایینی و لەگــەڵ دەســتبەکاربوونی دادگاکــانی تەفتیشی بیروباوەڕ و لەزۆر بواری وەکو تاوانی (ئیهانـەکردنی پلەوپایـەی ئیلاهی)دا, ئەنجامدرا. پاپا ئینۆسـنتی چـوارەم (Innocentiv) لـە سـاڵی ١٢٥٢دا ئەشکەنجەدانی فرقە نافرمانـەکانی ئـایینی مەسـیحی, بـەرەسمی ئـازادکرد. لـە سـەدەی (١٣)ی میلادیـی بـەدواوە, ئەشـکەنجە لـە وڵاتـە ڕۆژئاواییەکانـدا (جگـە لـە بـەریتانیا و سـوید) بەتـەواوەتی پەرەیسـەند و دواتر لە سەدەی هەژدەهەمـدا, وڵاتـە ڕۆژئاوایـەکان ئەشـکەنجەدانیان لـە کاروبارە دادوەریەکاندا سڕیەوە, کەنیسەی کاسـۆلیکی لەسـاڵی ١٨١٦ دا بـەرەسمی بـەکارهێنانی ئەشـکەنجەی لـە وڵاتـە کاسـۆلیك مەزهەبەکانـدا, قەدەغەکرد.

پـاش کۆتایهـاتنی سـەدەکانی ناوەڕاسـت, جـارێکی تـر ئەشـکەنجەی سیاسی لەپشت پەردەوە خۆی حەشاردا و, تەنانەت لەسەردەمی شۆڕش و یاخیبوونەکانیشــدا زۆر بەکــەمی دەرکــەوت. ســەرهەڵدانی دوبــارەی توندوتیژی پاش ئەو مێژووە, هاوکاتە لەگـەڵ سـەرەتاکان و سـەرهەڵدانی ســەدەی بیســتەم و تــا ئــەمڕۆش درێــژەی هەیــە. لــە دنیــای ئــەمڕۆدا, ئەشکەنجەدان لەبەر ئەم هۆکارانە ئەنجام دەدرێن: یەکەم" بۆ وەرگـرتن و کۆکردنەوەی زانیاریی. زۆر کەم دەوڵەتێکی دیموکرات یـا نـادیموکرات لـە دنیای ئەمڕۆدا هەیە کە توانیبێتی لەبەرامبەر وەسوەسـەی کـەڵکوەرگرتن لە ئەشـکەنجە بـۆ بەدەسـتهێنانی زانیاریـە گرنگـەکان, خـۆی ڕاگرتبێـت, ئەمەش لەکاتێکدایە کە لە دنیای ئـەمڕۆدا, ویـژدانی ئـەخلاقی و ئـایینی و تەنانەت یاسا نێودەوڵەتیەکانیش زۆر بە ڕوونـی بـەکارهێنانی ئەشـکەنجە قەدەغەدەکەن, بەڵام زانیاریە تۆمارکراوەکانی ئۆرگانـەکانی بـەرگریکردن لە مافی مرۆڤ, ئامـاژە بـە پێشـێلکردنی ئـەو یاسـایانە دەکـەن لەزۆربـەی وڵاتانی جیهاندا. هەر لەم میانەیەشدا, ئـەوی لەلایـەن دەوڵەتەکانـەوە بـۆ پاساوهێنانەوەی ئەو کارە ئەنجام دەدرێت دوو تـەوەرەی لـەخۆگرتووە: یەکـەمیان: بـوونی ئەشـکەنجە بەتـەواوەتی ڕەتدەکرێتـەوە, دووەمیـان" تەنها ئاماژە بەجۆرێك (گوشار) دەکرێت لە لێکۆڵینـەوەی هەنـدێك تـاوانی وەکـو تیرۆریـزم و مـرۆڤ ڕفانـدن و کوشـتن و مـادە سـڕکەرەکاندا. بـەڵام ڕاسـتی ئــەم بابەتــە ئەوەیــە, کــە بــەکارهێنانی ئەشــکەنجە لەلایــەن دەوڵەتەکانــەوە تــا ئێســتا بەردەوامــە و تاکــە گۆڕانکــاریش لــەوبوارەدا پێشـکەوتنی تەکنــەلۆژیای ئەشــکەنجەیە, بــەواتای بــەکارهێنانی دوا

دەسکەوتە زانستیەکان، بەتایبەتی لە زەمینەی دەروونناسی و بیۆکیمیایدا بۆ فشارخستنەسەر گومانلێکراوان و ئەشکنجەدانیان، بەبێئەوەی هیچ نیشانەیەکی ئەو کارە لەسەر کەسی ئەشکەنجەدراو بەجێبهێلرێت. دووەمین هۆکاری بەکارهێنانی بەفراوانی ئەشکەنجە، بەتایبەتی لە سیستمە نادیموکرات و تۆتالیتاریەکاندا، دروستکردنی ترس و وەحشەت و دروستکردنی هەلومەرجێکە کە تێیدا تاکەکانی کۆمەڵ زیاتر ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەلاتی سیستمی سیاسی بن و، لەوەش زیاتر، تەنانەت دۆخێك دروست دەبێ کە تاکەکان خۆیان سانسۆردەکەن و لەسەرو ئاستی چاوەڕوانی دەسەلاتدارانەوە ملکەچ و گوێڕایەڵ دەبن. لەوبوارەشدا، ئەشکەنجە بارودۆخە رۆحی و جەستەییەکانی کەسی ئەشکەنجەدراو تێکدەشکێنێ و بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان هەڵچوون دەئاخنێتە نێو سیستمە کۆمەلایەتیەکانەوە.

دواجار دەبێ ئاماژە بەشێوەیەکی تایبەتی ئەشکەنجە بکەین کە وەکو ئامرازێکی توندوتیژی سیاسی لە سەدەی بیستەمدا سەریهەڵداوە و بریتیە لەو ئەشکەنجانەی کە هەرچەند لەسەر تاکەکەس ئەنجام دەدرێت بەلام مەبەستی ئەو ئەشکەنجانە جۆرێك تۆڵەسەندنەوە و تێرکردنی رق و کینە شاراوە رەگەزی و نەتەوەییکانە کە لەسەرو کەسی ئەشکەنجەدراوەوە کاردەکات. گەلێك نمونەی ئەمجۆرە ئەشکەنجەیە لە هێرشی سپیپێستە رەگەزپەرستەکانی ئەمریکا بۆسەر هاولاتیە رەشپێستەکان، بەدیدەکرێت. هەروەها نمونەی ئەمجۆرە توندوتیژییانە لە پێکدادانە نەتەوەیی و رەگەزیەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی لەناوچەکانی بالقان لە ئەوروپا و رواندا و لیبریا لە ئەفریقا و ئەفغانستان لە ئاسیا، و کۆلۆمبیا لە ئەمریکای لاتین بەروونی بەرچاودەکەوێت. ئامانجی ئەو جۆرە ئەشکەنجانەی کە زۆر بێرەحمانە (دەستدرێژی سێکسی، برینەوەی ئەندامەکانی لەش، دەرهێنانی کۆرپەلەی ئەو ژنانەی سکیان پڕە، سوتاندنی زیندوەکان، پارچەپارچەکردن، ئەشکەنجەدانی منالان لەبەرچاوی دایك و باوکیان) ئەنجامدراون، تێرکردنی ئەو رق و کینانەیە کە زۆرجار ریشەی سیاسی و نەتەوەییان هەبووە و لەلایەن ناوەندەکانی دەسەلاتی سیاسیەوە رێکخراون و پشتگیریان لێکراوە.

## لەسێدارەدان (عیدام)

دەکرێت لەسێدارەدان بەمجۆرە پێناسەبکەین (جێبەجێکردنی سزای مەرگ بەشێوەیەکی یاسایی و پاش دەرکردنی فرمانێکی یاسایی) لەنێوان سزا کۆنە حکومیەکاندا, عیدام بەشێوەیەکی سەرەکی بەکارهێنراوە, لەبەرئەوەی لەودەمانەدا گەلێك تاوان بەهاوتای ئەو سزایە دادەنران. لە یۆنانی کۆنیشدا, رێژەیەکی بەرفراوانی ئەو جۆرە تاوانانە بینراوە. بەلاّم لە ئاینە یەکتاپەرستەکاندا, ژمارەی ئەو تاوانانەی شایستەی عیدامکردنن, لەچاو یاساکانی یۆنانی کۆندا کەمترە. لە ئینجیلدا (٣٠) تاوان شایستەی ئەو سزایە دانراوە. لە سەدەی ناوەڕاستیشدا, ژمارەی ئەو تاوانانەی شایستەی سزای عیدام بوون پەرەیان سەند, بەشێوەیەك کە لە سەدەی ١٩ لە بەریتانیای گەورە ژمارەی ئەو تاوانانە گەیشتە ٣٠٠ و لە هەر ساڵێکدا, لەنێوان ٢ تا ٣ هەزار کەس سزای لەسێدارە دەدرا بەسەریاندا کە زۆربەیان دواتر لەلایەن پادشاوە عەفوودەکران.

پاش دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەیەکان, لەسەرەتای سەدەی ١٩ و لەگەڵ پەرەسەندنی سیاسی کۆمەلاّیەتی, جارێکی تر ژمارەی ئەو تاوانانەی سزای عیدامیان بۆ دادەنرا, روی لە کەمیکرد. لە سنوری تاوانە سیاسیەکاندا (خیانەت و تێکدانی ئاسایشی ولاّت) لەو تاوانانە بوون کە تا ئەم چەند ساڵەی دوایی بە شایستەی سزای عیدام دیاریدەکران, و لە تاوانە کۆمەلاّیەتیەکانیشدا کوشتنی دەستئەنقەست ئەو سزایەی بەسەردا دەسەپێنرا. بزوتنەوەی سڕینەوەی سزای عیدام (Abolotion) لە سەدەی ١٩ لە ئەمریکا بەهۆی فیرقەیەکی مەسیحی بەناوی کواکرەکان (Quakers) و لە ئەوروپا بەهۆی مافناسێکەوە بەناوی (چزارێبیکارا)ی ئیتالیەوە دەستیپێکرد. هەروەها فەیلەسوفەکانی چاخی رۆشنگەری و لەپێش ئەوانیشەوە ڤۆلتێر, پێش ئەو بزوتنەوەیە قسەیان لەسەر ئەو سزایە و نائەخلاقیبونی دەکرد. بزوتنەوەی سڕینەوەی سزای عیدام لەکۆتاییەکانی سەدەی ١٩ بوەهۆی ئەوەی کە سزای عیدام لە گەلێك ولاّتی وەکو ڤێنزوێلا (١٨٥٣) و پورتوگال (١٨٦٧) و لە هەندێك ویلایەتی ئەمریکادا وەکو میشیگان (١٨٣٧) رەتبکرێتەوە. بەلاّم لە سەدەی بیستەمدا و لەگەڵ سەرهەڵدانی دوو جەنگی جیهانی, جارێکی تر

بەکارهێنانی سزای لەسێدارەدان، دەستیپێکردەوە. بەدرێژایی ساڵانی نێوان ئەو دوو جەنگە و بەدرێژایی جەنگی جیهانی دووەم تا دەیەی ٦٠، عیدامە سیاسیەکان لەزۆربەی وڵاتەکانی جیهاندا، دەستیپێکرد. ئەوجۆرە عیدامانە بەتایبەتی لە هەردوو وڵاتی روسیای کۆن و ئەڵمانیادا و لەسەردەمی تۆتالیتاریدا و لە وڵاتانی تازەپەرەسەندودا و پاش جەنگی دووەمی جیهانی تا ئەمرۆ، بەبەردەوامی دەبینرێن.

هەرچەندە کوشتنی نەیارانی سیاسی، یاخود سڕینەوەی رکابەرەکانی نێو پانتایی دەسەڵات، بەدرێژایی مێژوو، بەردەوام بووە، بەڵام دەبێ لەوە بەئاگابین کە عیدامە سیاسیەکان، بەواتای کوشتنی نەیاران پاش دادگایکردن یاخود بەدەرکردنی فرمانێکی تایبەتی لەلایەن دەوڵەتەوە، شێوەیەکی مۆدێرنتری ئەو حاڵەتەن. لە حکومەتە کۆنەکاندا کوشتنی هەرکەسە بەپێی فرمانی دادگا جێبەجێکراوە، بەڵام ترسی گشتی لەبەرامبەر دەسەڵاتی دادگا، زۆرجار راستەوخۆ کاریگەریی هەبووە و، بەکارهێنانی سزای عیدام زۆرجار بەمەبەستێکی سیاسی بەشێوەیەکی هەڵبژاردەیی ئەنجامدراوە. هەرلەبەرئەمەش، لە سزای عیدامدا، بەتایبەتی لەشێوە کۆنەکانیدا، ئەو سزایە لەو سەردەمانەدا بەشێوەی (لەخاچدان، پانکردنەوە، پارچەپارچەکردن، خستنە ناو رۆنی کوڵاتوو، خنکاندن، بەزیندویی سوتاندن، لەبەردەم ئاژەڵی درندەخستن..) جێبەجێدەکران. هەر لەبەرئەمەش یەکێك لەئامانجەکانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان ئەوەبوو کە سزای عیدام لە زۆر بواری پێویستدا بە کەمکردنەوەی (ئازار) واتە بەدابڕینی ئەو سزایە لە ئەشکەنجە، ئەنجام بدرێت. لەئەنجامی ئەمەشدا، شێوەی تازەی عیدامکردن داهێنرا، وەکو لەسێدارەدان، گولەباران، گیوتین (مەقسەڵە)، ژوری غاز، کورسی کارەبایی، و دەرزیی کیمیایی کە بەبێ گوشاری دەرونی و بەئازارێکی کەمتر، کەسی تاوانبار سزادەدرا.

دەبێ لێرەشدا ئەوەمان لەیادنەچێت، کە پێش دروستبوونی دەوڵەتە مۆدێرنەکان، جیاکردنەوەی پانتایی سیاسی لە پانتاییەکانی تر زۆر بەوردی ئەنجام نەئەدرا، کەواتە لەوکاتانەدا جیاکردنەوەی سزای عیدامی سیاسی کارێکی قورس بووە، جگە لە بوارەکانی شۆرش و پیلان و خیانەت کە جیاکردنەوەی ئەو پانتاییە سیاسیەی ئاسان کردبوو.

هەروەها شۆڕشە جەماوەریـەکان بەکوشـتنی رابـەری شۆڕشـەکان یـاخود بەکوشـتنی بەکۆمـەڵی شۆڕشـگێڕان, وەڵامدەدرایـەوە. لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشدا, لەپێوانەکردنی بە سەدەکانی پێشخۆی, لە سەدەی بیستەمدا زۆرترین سزای عیدام بەرچاودەکەوێت. کە لەو میانەیەدا زۆربەی سزاکانی عیدام, بەگشتی لەچوارچێوەی تیرۆریـی دەوڵەتیـدا ئەنجامـدراون کـە لـە میانەی رەوتە شۆڕشگێڕانەکان و شەڕە ناوخۆیی و کودەتا سەربازیەکاندا (واتە ئەوکاتانەی کە دەوڵەت مەترسی روخـانی لێکـراوە, یـان رووبـەڕوی توندوتیـژی بوبێتـەوە) ئـەو سـزایانە گەیشـتونەتە لوتکـە. هـەر لەومیانەیەشدا و لەچوارچێوەی ئەو دۆخە ئاڵۆزانەدا, سـزای عیـدام لەبـەر ئامادەنەبوونی پاڵپشتی یاسایی لە سـەلماندنی بێتاوانیـدا, زۆر بەئاسـانی ئەنجامدراوە. توندوتیژی سیاسی بۆ بـەکارهێنانی ئامرازەکـانی عیـدام لـە سەدەی بیستەمدا زۆر کوێرانە رەفتاری کردوە, بەواتای لەو سـەردەمەدا, دینامیزمـە توندوتیژیـەکان کـە بـۆ خۆیـان دەرئـەنجامی گۆڕانکاریـە فراوانەکانی چینە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان بـوون, بچوکترین کاردانـەوە بەرهەڵسـتکارانەکانیان زۆر بەتونـدیی تێکشـکاند. هـەر لەوبوارەشـدا ئـەو نمونە بەرچاوانەی کە راستی ئەو قسەیە دەسەلمێنن بـرتین لـە: شۆڕشـی مـەکزیك (١٩١٠ تـا ١٩٢٠), شۆڕشـی کلتـوریی چـین (١٩٦٦ تـا ١٩٧٦) بارگرژیە ناوخۆییکانی کۆلۆمبیا (١٩٤٦ تا ١٩٩٦), شۆڕشـەکانی جـەزائیر دژی فەرەنسـا لـە دەیـەی ٦٠ ی مـیلادی), جـەنگی ڤێـتنام (١٩٥٥ تـا ١٩٧٥), حکومەتی پڵنگەسورەکانی کـامبۆج (١٩٧٥ تـا ١٩٧٩), کودەتـا سەربازیەکانی ئەمریکای لاتین دەیەی ٧٠ ی میلادی (چیلیوئارژانتینو..) ئەفغانسـتان (دەیـەی ٨٠ و ٩٠ ی مـیلادی) کۆمارەکـانی باشـوری روسـیا (پاش دارمان لە سەرەتای دەیەی ٨٠ ی مـیلادی) خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت لە چوارچـێوەی جـەنگی عەرەبـەکان و ئیسـرائیل. ئەمانـە سـەرجەم ئـەو نمونانەن کـە تێیانـدا زۆر بەشـێوەیەکی نایاسـایی و, بـەبێ دادگـایکردن, بەرهەڵستکارانی سیاسی و, زۆرجاریش خەڵکی بێتاوانیش سزای عیدامیان بەسەردا جێبەجێدەکرا.

بەداخەوە لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا, ئاڕاستە و رەوتی عیدامە سیاسیەکان تا ئێستا لە گەلێك ناوچەی جیهاندا و بەتایبەتی لە وڵاتە ئەفریقیەکاندا, بەردەوامە. بەڵام لەو شوێنانەی کە سیستمە دیموکراسیەکان سەریانهەڵداوە, شایەتی لەناوچوون یاخود کەمبونەوەی بەکارهێنانی ئەو ئامرازە توندەی توندوتیژی سیاسی بووین کە پێشتر هەبووە.

## کودەتا

لە چەمکی سیاسیدا, کودەتا بە بزوتنەوە و رەفتارێکی تەواو سەربازیی دەوترێت کە لەلایەن کەمینەیەکی سەربازیەوە بەمەبەستی داگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی ئەنجامبدرێت بەبێ ئەوەی پێویستی گۆڕانکاریی قوڵ لەکۆمەڵدا لەئارادابێت. هەروەها پێدەچێت زۆرجار کودەتا بۆ روبەڕوبونەوەی ئەگەری مەترسی بڵاوبونەوەی شۆڕشە کۆمەڵایەتەکان و لەبەرامبەر شۆڕشدا, ئەنجام بدرێت. لەم حاڵەتەدا زۆرجار گروپی کودەتاچی, نەرمی و رەفتاری ئاشتیخوازانەی دەسەڵاتی سیاسی بەمەترسی بۆ سەر وڵات دادەنێن و دەستبەکاردەبن تا ئەو مەترسیە پوچەڵ بکەنەوە.

کودەتا, بزوتنەوە و جوڵەیەکی سیاسیە هۆکارەکانی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیە دەرونیەکانی هێزی دەسەڵاتدار. زۆرجاریش لەبەر هەندێ هۆکاریی نێودەوڵەتی کودەتا ئەنجامدراوە, مانای لەبەر بەرژەوەندیی زلهێزەکانی دونیا. بەگشتی کودەتا پێویستی بە هەبوونی پێش زەمینەیەکی سیاسی هەیە تا بتوانێت سەرکەوتن بەدەستبێنێ. ئەم زەمینەیە لەو وڵاتانەدا بەباشی هەڵدەکەوێت کە سیاسەت سنورداربێت و پەرەینەسەندبێ. لەوجۆرە بارودۆخەشدا, ناوکی ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی پەیوەندیەکی ئەوتۆی لەگەڵ هاوڵاتیاندا نیە و تاکە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و هاوڵاتیان لەرێگەی هێز و بەرجەستەکردنی توندوتیژیەوە دروست دەبێ و لەئەنجامی ئەمەشدا, لەکاتی رودانی هەرجۆرە کودەتایەکدا کە ببێتەهۆی گۆڕینی ناوکی ناوەندی دەسەڵات, شتێکی ئەوتۆ ناگۆڕێت و تەنها پەیوەندیەکی توندوتیژی تر جێگەی پەیوەندیە کۆنەکەی دەسەڵات و هاووڵاتیان دەگرێتەوە. هەروەها لەو وڵاتانەی کە

سیاسەت پەرەیسەندوە, لەبەرئەوەی کە ناوکی ناوەندی خاڵی بەریەککەوتنی پەیوەندی و کەناڵە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکانە, ئەوا گۆڕینی ئەو ناوکی دەسەڵاتە دەبێتەهۆی گۆڕینی سەرجەم مکانیزمە کۆمەڵایەتیەکان و لەئەنجامیشدا, کودەتاکە شکست دێنێ. ئەزموونی مێژوویی دەریسختووە, کە کودەتا لەووڵاتانەدا کە چینێکی کۆمەلایەتی گوندنشینیان هەیە وەکو ئەمریکای لاتین و ئەفریقا, هەمیشە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و روبەڕوی بەرهەڵستی هاوڵاتیان نەبۆتەوە. ئەمەش لەکاتێکدایە کە کودەتا سەربازیەکانی ولاتە پیشەسازیەکان هەمیشە روبەڕوی شکست بۆتەوە, نمونەی ئەمانەش: کودەتای گروپێك ئەفسەری فەرەنسی جێگیر لە ئەلجەزایری ناسراو بە (ئۆرگانی سەربازیی نهێنی) (Drrqanisation Armee Secrete) لە ساڵی ١٩٦١ دا و دژی ژەنراڵ دۆگۆلی سەرۆك کۆماری فەرەنسا کە دەیویست سەربەخۆیی ئەلجەزیرە رابگەیەنێت, بەڵام روبەڕوی شکستێکی زۆر توند بووەوە. کودەتای ئەفسەرە ئیسپانیەکان بۆ لایەنگیریکردنی ژەنراڵ فرانکۆ لەپاش مەرگی لە ساڵی ١٩٧٥ دا بۆ دژایەتیکردنی ئەو رەوتە دیموکراسیەی هاتبووە ئاراوە کە لە ساڵی ١٩٨١ دا بەسەرکردایەتی ئەفسەرێك بەناوی ئانتۆنیۆتخێرۆ (Antonio Tejero) ئەنجومەنی ئیسپانیای داگیرکرد و سەرجەم ئەندامەکانی دەوڵەت و نوێنەرەکانی ئەنجومەنەکەیان بە بارمتەگرت و کەمتر لە ٢٤ کاتژمێر ئەو هەوڵە سەرکوتکراو ئەنجامدەرانی کودەتاکەش دەستگیرکران. هەروەها لە ئەڵمانیای پێش هیتلەریشدا, پێش جەنگی دووەمی جیهانی, هیتلەر لە ساڵی ١٩٢٣ دا, کودەتاکەی شکستی هێنا و هیتلەریش زیندانیکرا و دواتر فاشیستەکان لە رێگەی هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتیان گرتەدەست.

لەمیانەی سەرجەم کودەتاکاندا, هاوڵاتیان هیچ رۆڵێکی ئەوتۆیان نیە. هەر لەبەرئەمەش کودەتاکان روبەڕوی رێگریی و بەرهەڵستی گشتی نابنەوە. هەربۆیە ئەو توندوتیژیەی لەمیانەی کودەتاکاندا بەدیدەکرێت فۆرمێکی چڕکراوە و توند و کتوپڕ و تاڕادەیەك توندوتیژیەکی نمایشیە. کودەتاکان لەماوەی چەند کاتژمێر یا چەند رۆژێکدا ئەنجام دەدرێن و ئەگەر کودەتایەك نەتوانێ لەماوەیەکی کورتدا کاری خۆی بکات, ئەوا

بێگومــان شکســت دێنــێ. هــەر لەبەرئەمــەش هەرچــەند وێنــەی دەرەکــی کودەتا لە بەکارهێنانی توندوتیـژی سیاسـیدا وێنەیـەکی ترسـناکە، بـەڵام لەبەر کەمی کات ئەو روداوە و کورتی تەمەنی ئەو دیاردەیە، خوێنڕشتن و قوربانیەکان ژمارەیان کەم دەبێت. لەگەڵ ئەمەشـدا، کودەتاکـان زۆرجـار دەوڵــەتی ئۆلیگارشــی ســەربازی بەرهەمــدێنن، کــە ئــەو دەوڵەتانــەش بەشێوەیەکی بـەرفراوان توندوتیـژی سیاسـی دەوڵـەتی، بـەرکاردەهێنن و گوشـارێکی ئەوەنـدە تونـد دەخەنـە سـەر جەسـتەی کۆمـەڵ و سـەرجەم دامــەزراوە کۆمەلایــەتی و ئــابوری و سیاســیەکان کــە کــاتێکی درێــژ بــۆ چــاککردنەوەیان پێویســتە. ئــەزمونی دەوڵەتــە ســەربازیەکانی ژەنــراڵ پینۆشــێ (Pinochet) لــە چــیلی (١٩٧٣ تــا ١٩٨٩) و ژەنــراڵ ڤێــدلا (Videla) لە ئـارژانتین (١٩٧٦ تـا ١٩٨٣) کـە بـە بیـانووی دروسـتکردنی جێنشـینێکی ئـابوری هاتنـە سـەرکار و ئـەو وڵاتانەشـیان بـە ئابوریـەکی وێرانەوە دایە دەست دەوڵەتە دیموکراسیەکان، نمونەیەکی ئاشکران.

## تیرۆریزمی دەوڵەتی

وشــەی تــیرۆر (لــە ریشــەی Terroris) بــەمانای تــرس و وەحشــەت وەرگیراوە و پێشینەیەکی مێژوویی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمێکی تایبەت لەپاش شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی (١٧٨٩)دا لەو سەردمەدا کە لە مـانگی سـێپتەمبەری سـاڵی ١٩٧٣ تـا لەسـێدارەدانی رۆبسـێر لـە سـاڵی ١٩٧٤ درێژەیکێشــا، مەترســی دەوڵــەتی شۆڕشــگێڕەکان لــە داڕمــان بەدەســتی نــەیارانی شــۆڕش کــە لــە هــەموو جێگایێکــدا ســەرقاڵی خۆسازکردنەوەی هێزەکانی خۆیان بـوون و، هـەروەها گوشـاری دەوڵەتـە پاشانشینەکانی ئەوروپا لە دەرەوەی وڵات، بوەهۆی ئـەوەی کـە شـۆڕش بەشـێوەیەکی بـەرفراوان توندوتیـژی بـەکاربهێنێت. لەوماوەیـەدا سـێ تـا پێنج هەزار کەس لەبەر تاوانی سیاسـی زینـدانیکران، (١٧) هـەزار کـەس عیـدام کـران و، لەبــەر بـارودۆخی زیندانــەکانیش، ژمــارەی مردوەکــان زیادیکرد و بەگشتی نزیکەی ٣٥ تا ٤٠ هەزار کەس بونە قوربانی. ئەوانەی سزای عیدام دەدران، لە چینی ژێرەوە بوون (٣١٪ ی کرێکاران و ٢٨٪ ی جوتیــاران) و ژمارەیــەکی کــەمی عیدامیــەکان لــە بنەماڵــە گــەورە و

ئەشرافیەکان بوون و، رابەرە رۆحیەکان زۆر بەکەمی عیدام دەکران. ئەم ژمارەیە بەبەراوردکردنی لەتەك ژمارەی دانیشتوانی فەرەنسای ئەو سەردەمە (٢٦ ملیۆن کەس) ژمارەیەکی زۆر و مەترسیدارە.

گەلێك سەردەمی تری تیرۆر، دواتر و لەمیانەی شۆڕشەکانی سەدەی بیستەمدا بەرچاوکەوت. لە شۆڕشی روسیادا چەند سەردەمێکی جیاوازی تیرۆر بەدیدەکرێت" سەردەمی یەکەمیان لە سالی ١٩١٧ تا ١٩٢١ و ئەویتریان لە سالی ١٩٢٧ تا ١٩٢٨ و سەردەمێکی درێژخایەن کە لە سالی ١٩٣٤ەوە تا مەرگی ستالین لە سالی ١٩٥٣ دا درێژیکێشا. لەوسەردەمە ترسناکەدا، ملیۆنەها کەس لە ئۆردوگای کارە زۆرەملێیەکاندا گیانیان لەدەستدا و، ژمارەی عیدامە رەسمیەکان بە زیاتر لە یەك ملیۆن کەس دەخەملێنرێ. هەروەها لە شۆڕشی ولاتی چین سالی (١٩٤٩) دا و بەتایبەتی لە سەردەمی ناسراو بە (شۆڕشی کلتوریی ١٩٦٦ تا ١٩٧٦) لەو ولاتەدا ملیۆنەها کەس کوژران. هەروەها بەدرێژایی دەسەلاتی پلنگەسورەکانی کامبۆج (١٩٧٦ تا ١٩٧٩) نزیکەی ٢ ملیۆن کەس، واتە نزیکەی ١/٣ ی سەرجەم دانیشتوانی ئەو ولاتە کوژران. ئامادەبوونی تیرۆر لەنێو سەرجەم شۆڕشە گەورەکاندا بەجۆرێکە کە کۆمەلناسی ئەمریکی (کرین برینتۆن – Crane Brinton) لە کتێبەکەیدا (شیکردنەوەی چوار شۆڕش) دروستبوونی سەردەمە خوێناویەکانی تیرۆر بەبەشێکی لێکدانەبڕاوی هەرجۆرە شۆڕشێکی گەورەی کۆمەلایەتی دەزانێت و ئەو سەردەمە بە چرکەساتی مەترسیداریی پێش زریان دەشوبهێنێ کە دواتر ئارامیەکی پاش زریان دەخولقێنێ.

بەلام ئەگەر قسە لەسەر جۆرە تیرۆرێکی تر بکەین، ئەوا دەبێت ئاماژە بەوەبکەین کە تیرۆریزمی دەولەتی بەگشتی بەکارهێنانی شێوازە نایاساییەکانە لەلایەن دەولەتەوە بۆ خستنەوەی ترس و دلەڕاوکێ لەنێوان نەیارەکانی خۆیدا، کە مەبەست لەو شێوازانە گرتن و راوەدونان و کوشتنی نەیارانی دەولەتە. ئەزمونی مێژویی سەدەی بیستەم ئەوە ئاشکرادەکات، کە سەرجەم سیستەمەکانی دەولەت هەریەکە و لەئاستی جیاواز و لەسەردەمی جیاوازی مێژوویدا کەلکیان لە یەکێك لە شێوازەکانی تیرۆریزمی دەولەتی وەرگرتوە. دەولەتی فەرەنسا بەرپرسی کوشتار و ئەشکەنجەدانی ژمارەیەکی زۆری جەزائیریەکانی نیشتەجێی

فەرەنسا بوو کە لە دەیەی (٥٠ و ٦٠) دا ئەنجامی‌دا. دەوڵەتی ئیسرائیل چەندین جار هێرشی کردۆتەسەر سنوری دەوڵەتەکانی تر و بەشێوازە تیرۆریستیەکان نەیارانی رفاندوە و کوشتونی. دیکتاتۆریەکانی وڵاتە عەرەبیەکانیش چەندەها جار لەماوەی دەیەی ٧٠ و ٨٠ ی میلادیدا و لەدەرەوەی خاکی وڵاتەکەیان ئەو شێوازانەیان بەکارهێناوە. بەڵام قێزەونترین فۆرمی تیرۆریزمی دەوڵەتی لە حکومەتە سەربازیەکانی ئەمریکای لاتین و لە دەیەی ٧٠ ی میلادیدا و لەوماوەیەوە تا ئێستا لە ئەفریقا چەندەها جار بەدیکراوە. لەچوارچێوەی حکومەتە سەربازیەکانی ئەمریکای لاتین و بەتایبەتی لە چیلی و ئارژانتین و بەرازیل و کۆلۆمبیا, چەندەها گروپی نیمچە سەربازیی تیرۆر لەژێر ناوی (چەقۆکانی مەرگ) دادەمەزران و بەکەڵکوەرگرتن لە کادریی سەربازیی و پێرسۆنێلی پۆلیس و ئامرازەکانی ئەو هێزانە, بەشێوەیەکی نایاسایی و بەشاردنەوەی شوناسی خۆیان, هاوکات بەئازادیەکی تەواو, نەیارانی حکومەتیان دەرفاند و ئەشکەنجەیان دەدان و دەیانکوشتن و بەجۆرێك لاشەکانیان دەشاردنەوە کە هەرگیز نەدۆزرێنەوە و ژمارەی قوربانیەکانی ئەو وڵاتانەش کە بەناوی (بێسەروشوێنەکان) ناوبانگیان هەیە, دەگاتە هەزاران کەس و بەدواداچونی مەلەفی ئەو کوژراوانەش پاش شکستی ئەو حکومەتە سەربازیانە و لەبەر رێکەوتنی کودەتاکەرەکان و ئەو حکومەتانە بۆ هەمیشە داخران. لەگەڵ ئەوەشدا, گەلێك ئەنجومەن و کۆمیتەیان لەسەرتاسەری وڵاتەکانی ئەمریکای لاتین و ئیسپانیا دامەزراند و تا ئێستاش بەجێماوانی ئەو قوربانیانە چالاکییان هەیە و گرتنی ژەنراڵ ڤێدێلا لە ئەرژەنتین و گرتنی ژەنراڵ پینۆشێ لە سەفەرەکەیدا بۆ بەریتانیا, لە دەستکەوتەکانی ئەو ئەنجومەن و کۆمیتانەیە.

## جینۆساید

جینۆساید (Genocide) جۆرێك توندوتیژی سیاسیە, کە رواڵەتی دەرەکی, بەگشتی وێنەی کوشتارێکی بەرفراوانی تاکەکان و پەیرەوانی نەتەوە یاخود ئاینێك یاخود ئایدیۆلۆژیەکی تایبەت لەخۆدەگرێت. لە روانگەی مێژووییەوە, جەنگەکان لە ساتی سەرکەوتنیاندا دەگەنە جۆرێك لە جینۆساید. ئەوکەسانەی لە جەنگەکاندا دەدۆڕان زۆربەسانایی دەکوژران. هەر لەبەرئەمە, یەکەمین نمونەکانی جینۆساید دەگەڕێتەوە بۆ

جەنگەکانی یۆنانی کۆن و ئێران و هێرشی جەنگیزخان لـە سـەدەی ١٣ ی میلادیدا. گەلێك نمونەی تری جینۆسـاید بەدرێـژایی مێـژوو بـوونی هەیـە، بەدرێژایی سەدەی ناوەڕاسـت، لـە هێرشـی کۆچـبەرە ئەوروپاییـەکان بـۆ ئەمریکا لە سەدەی ١٦ و، کوشتاری سورپێستەکانی ئەمریکا لـە بـاکور و ناوەڕاست و باشوری ئەو وڵاتە، لەئەڵمانی سەردەمی هیتلەر، لە روسـیای ستالینی، کوشتاری ئەرمەنیەکانی رۆژهەلاتی تورکیا لـە جـەنگی یەکـەمی جیهانی (١٩١٤ تا ١٩١٨) کە نزیکـەی ٢ ملیـۆن کسـە کـوژران، کوشـتاری سربەکان لەلایەن دەوڵەتی کرواتەوە لە جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٤٠ تا ١٩٤٥) کە ٢٠٠ تا ٣٠٠ هەزار هاولاتی مەدەنی سربی کوژران، لە کوشـتاری هـــەزاران سورپێســـت لـــەماوەی (١٩٨١ تـــا ١٩٨٣) بەدەســـتی دەوڵـــەتی گواتیمـــالا، لـــە کوشـــتاری نزیـــك بـــە ٢ ملیـــۆن کـــامبۆجی لەلایـــەن پڵنگەسورەکانەوە لە رەشـەکوژی سـاڵی ١٩٩٤ ی روانـدا کـە ٥٠٠ تـا ٨٠٠ هەزار ئەندامی خێڵی تونسی بەدەستی میلیشیای خێڵی هۆتۆ کوژران و لە کوشتاری هەزاران موسـڵمانی بۆسـنی لەلایـەن دەوڵـەتی سـرب لـە سـاڵی ١٩٩٤ ەوە تا ئێستا و هەزاران نمونەی لەوجۆرە.

فرانـك چـالك (Frank Chalk)و کـۆرت جۆناسـۆن (Jonasson) دوو لێکۆڵەرەوەی کەنەدایی، چوار جۆر جینۆساید دیاریدەکـەن. جینۆسـایدە ئایدیۆلۆژیـەکانی وەکـو کوشـتاری ئـەڵمانی نـازی و روسـیای سـتالینی، جینۆسایدی تۆڵەسەندنەوە (Retribtive Genocide) وەکو کوشتارەکەی رواندا، جینۆسایدی ئـابوریی (Development Genocide) وەکـو قـەتڵ و عـامی سورپێسـتەکانی پـاراگوای لـە کۆتـایی دەیـەی ٦٠ دا، بەمەبەسـتی داگیرکردنی زەویەکانیان لەمـەڕ کـەڵکوەرگرتنی ئـابوریی و، دوا نمونـەش جینۆسـایدی ئیسـتبدادیی (Despotic genocide) کـە بـۆ دروسـتکردنی ترس و دڵەراوکێی نـەیاران ئـەنجام دەدرێـت وەکـو ئـەو کوشـتارانەی کـە ئیدی ئامین (Idi Amin) و میتـۆن ئۆبۆتـۆن (Miton Obote) ی هـەردوو سـەرۆك کۆمـاری ئۆگانـدا لـەو وڵاتـەدا ئـەنجامیان دا. جینۆسـاید جۆرێك توندوتیـژی سیاسـیە کـە بەداخـەوە مێـژووی زۆربـەی وڵاتـانی جیهـانی پیسـکردووە. تـا ئێسـتاش ئـەم جـۆرە کوشـتارنە لـە وڵاتـانی لیبریـا و کۆلۆمبیا بە ناشرینترین شێوە درێژەی هەیە.

دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە جینۆساید لە پراکتیزەکردنی توندوتیـژی سیاسیدا بێرەحمی دەگەیەنێتە لوتکە, بەڵگەی ئەمەش ئەوەیـە کـە لـەو کوشـتارانەدا مەبەسـت و ئامـانجی سـەرەکی, لەبنەڕەتـدا (نمایشـکردنی توندوتیژی) یە لـە رونترین شـێوەیدا. هـەر لەبەرئەمـەش لـە هـیچ جـۆرە توندوتیژیـەکی تـردا نـاتوانین ئـەو وەحشـیەتە ببیـنین کـە لـە جینۆسایدەکاندا بەدیدەکرێن. خاڵێکی زۆر گرنگ کـە دەبـێ لـەم بـوارەدا ئاماژەی پێبدەین, ئەوەیە کـە پەرەسـەندن و ئەگـەری کەوتنـەوەی هـەر جینۆسـایدێك, پەیوەنـدی بـە دوو هۆکـاری گرنگـەوە هەیـە: یـەکێکیان پەرەسەندنی ئـابوری – سیاسـی توێـژە کۆمەڵایەتیـەکان و ئەویتریشـیان شەفاف بوونی زانیاریەکانـە. گەشـەکردنی ئـابوری – سیاسـی و نـەبوونی ئـازادی میـدیاکان, زەمینـەی پراکتیکـی بـۆ دروسـتبونی جینۆسـایدەکان دەستەبەردەکات. کوشتاری موسڵمانانی بالقـان و کوشـتاری هاووڵاتیـانی کـامبۆج هـۆی راگتنـی و هـۆی کۆتاییپێهێنـانی, دەگەڕێتـەوە بـۆ دەستێوەردانی دەرەکی و ئەو راپۆرتە هەواڵانەی کـە کاریگـەریان لەسـەر بیروڕای گشتی وڵاتانی نێودەوڵەتی بەجێهێشت.

## جەنگ

جەنگ لەروی بـەرفراوانی و ئاسـتی توندوتیـژی بـەکارهێنراو و ئاسـتی وێرانکـاریی و قوربـانی, دەبـێ بەتونـدترین فـۆرمی توندوتیـژی سیاسـی سەرەوە دابنرێت. دەکرێـت چـەمکی جـەنگ بـەم جـۆرە پێناسـە بکـەین: (رووبەروبونەوەی ئۆرگانیی لەنێوان دوو یـان چـەند دەوڵـەتی سـەربەخۆ, لەسەر هەنـدێ نـاکۆکیی و ئامـانجی دیـاریکراو) هەنـدێ پێناسـەی تـریش بەمجۆرە باس لە جەنگ دەکەن: (مەرجێکی یاسایی کـە رێگـە بـە دوو یـا چـەند گروپـی دژبەیـەك دەدات کـە لەرێگـەی هێـزە چـەکدارەکەیانەوە روبەڕوی یەکتر ببنەوە) و کارل کلاوزڤێـز (Karl Clausewitz) (١٧٨٠ تـا ١٨٣١) ژەنراڵ و تیۆرزانی جەنگی پرۆسی, (جەنگ بەدرێژەی سیاسەت و کردارێکی پڕ لە توندوتیـژیی دەزانێت, کـە مەبەسـت لـە هەڵگیرسـاندنی, ناچارکردنی رەقیبە بەجێبەجێکردنی خواستەکانی من).

دەکرێت هۆکاری بنەڕەتی جەنگ بـە نایەکسـانی نێـوان دوو یـا چـەند دەوڵەت بزانین و ئەم نایەکسانیەش دوو فۆرمی سەرەکی هەیە:

**یەکەمیان:** نایەکسانی ئابوریی یاخود گەشەکردنی ئابوری نایەکسان لەنێوان دەوڵەتە دراوسێکاندا, کە ئەوە دەتوانێت دەرئەنجامی هەلومەرجی سروشتی (نایەکسانی سەرچاوە) و دۆخە ناسروشتیەکانی وەکو سیاسەتی هەڵەی ئابوریی و کاریگەریی بازاڕی جیهانی و هەندێ شتی تر بێت. ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی جەنگێك کە پاڵنەرەکەی دەستبەسەراگرتن و تالانکردنی سەرچاوە ئابوریەکانی دەوڵەتی دراوسێیە. نمونەی ئەو جۆرە جەنگانەش لەمێژووی مرۆڤایەتیدا زۆرە و یەکێك لەو نمونانەش جەنگی عێراق و ئێرانە (١٩٨٠ تا ١٩٨٨) و جەنگی عێراق و هاوپەیمانان لەسەرەتای دەیەی ٩٠ ی میلادی.

**دووەمیان:** نایەکسانی سیاسی, واتە دروستبونی سیستمی سیاسی دژ و ناکۆك لە وڵاتە دراوسێ و نزیکەکاندا. بۆ نمونە, دەوڵەتە دیموکراسیەکان بەدرێژایی دوو سەدەی رابردوو, بەردەوام لە هەندێ رووەوە کەوتونەتە ژێر کاریگەریی گوشاری دەوڵەتە نادیموکراسیەکانەوە, کە بوونی ئەو دەوڵەتانەیان بەمەترسی داناوە و ویستویانە ئەو دەوڵەتانە لەناوببەن. شۆڕشە دیموکراسیەکانی وەکو شۆڕشی فەرەنسا, راستەوخۆ پاش سەرکەوتن, روبەڕوی هێرشی هێزە دەرەکیە نەیارەکانی بۆتەوە. دەکرێت فۆرمێکی تری ئەم نایەکسانیانە لەسنوری رۆچونی ستراتیژی و دەرەکی دەوڵەتەکاندا بدۆزینەوە کە زۆرجار دەوڵەتەکانی کێشدەکردە مەیدانی جەنگ و روبەڕوبونەوە. نمونەی ئەو جەنگانەش لە ئەوروپای سەدەی نۆزدەهەمدا بەشێوەیەکی بەرفراوان بەرچاودەکەوێت.

جەنگ جۆرێك توندوتیژی سیاسیە کە گەلێك ئاکامی لێدەکەوێتەوە. دەکرێت ئەو ئاکام و دەرئەنجامانەش لە زەمینەی دامەزراوە ئابوری و کۆمەلایەتیەکان و لە زەمینەی کلتوریدا بەدیبکەین.

لە زەمینەی دامەزراوەکاندا, جەنگ بەرکەوتنێکی سەربازی و ئۆرگانیە. ئۆرگانیزەیی جەنگ, جگەلەوەی کە بریتیە لە" رێکخستنی

کرداری جەنگ کە هەمان ستراتیژ و تاکتیکە جەنگیەکانە و، ئەوەش یەکێکە لە ئەرکەکانی مێژوی دامەزراوە سەربازیەکان، لەلایەکی ترەو بریتیە لە رێکخستن و ئۆرگانیزەکردنی سەرجەم کۆمەڵ. لەم دۆخەدا، دامودەزگا جەنگیەکان کە لە رواڵەتدا تایبەتی و شازن، جێگەی دامەزراوە ئاساییەکان دەگرنەوە. ئاراستەی گشتی لە جەنگدا، کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی سەرجەم دامەزراو و کاروبارە کۆمەلایەتیەکان دەبن و دەچنە قۆناغی سست بوون و کۆتاییهاتنی چالاکیەکان. لە جەنگدا، تەنانەت لەو کۆمەلانەدا کە خاوەنی کلتوری دیموکراسی و ژمارەیەکی زۆر و چەند لایەنەی دامەزراوە ناحکومیەکانن، دەوڵەت ناچاردەبێ کە راستەوخۆ گشت کاروبارەکان کۆنترۆڵ بکات، بۆئەوەی لە سەنگەرەکانی پشتەوەی جەنگ دڵنیابێت.

ئەم ئۆرگانیزەکردنەی کۆمەڵ، بەپێی جۆری جەنگەکە و جۆری کۆمەڵ و قۆناغە مێژویەکە و، هەروەها بەپێی ماوەی جەنگەکە، جیاوازە. بۆ نمونە، فەرەنسا لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا و، ئەمریکا لەسەردەمی جنگی کۆریادا، گۆرانگاریەکی ئەوتۆیان دروست نەکرد، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە ئەڵمانیای هتلەریی لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، سەرجەم سیستمی دامەزراوەکانی خۆی وێرانکرد و بەجۆرێك بنیاتینایەوە کە گشت ئەڵمانیە نێرەکان رەوانەی جەبهەکانی جەنگ کران و بۆ بەرێوەبردنی هەلومەرجی ئابوریی ناوخۆ هێزی کاری دەستبەسەراگیراوان لە کارگەکاندا بەکارهێنران.

یەکێکی تر لە دەرئەنجامەکانی جەنگ، خۆی لە پانتایی ئابوریی‌و کۆمەلایەتیدا دەبینێتەوە. هەمیشە جەنگ ئەو کردارەیە کە بودجەیەکی زۆری دەوێ و پەرە بە وێرانکاریی دەدات و بنیاتنانەوە دەگەیەنێتە ئاستی سفر. هۆکاری رکابەری نێوان لاینە شەرکەرەکان، دەبێتەهۆی ئەوەی کەهەر لایەنە و لە پێشبرکێی جەنگدا بودجەیەکی زیاتر بۆ هێزەکانی تەرخان بکات و، گوشاری ئەو بودجەیەش راستەوخۆ دەکەوێتە سەرشانی کۆمەڵ. لەلایەکی ترەوە، لەسەردەمی جەنگەکاندا، ئۆرگانەکانی بەرهەمهێنانی چەك گرنگی زیاتری پێدەدرێت و، بەمجۆرەش ئۆرگانە بەرهەمهێنەرەکانی تر کە پەیوەندیان بە ژیانی

هاوڵاتیانەوە هەیە پشتگوێ دەخرێن و, دواجار ئابوری وڵات دادەڕمێ یاخود قەیرانێکی ئابوری دەکەوێتەوە کە بەردەوام لەتەك هەموو جەنگێکدا دەبینرێت. ئەگەر هەندێك وڵاتی وەکو ئەڵمانیای هیتلەریی توانیبێتی بەهۆی تاڵانکردنی وڵاتە داگیرکراوەکانەوە ئەو قەیرانە تێپەڕێنێ, ئەوا زۆر بەشێوەیەکی کاتی قەیرانەکە نەماوە و لەپاش ماوەیەکی کەم قەیرانی ئابوری زۆر قورستر و ماڵوێرانکەرتر دەرکەوتوە. پێویستی روبەڕوبونەوەی ئەو دۆخە, دەبێتەهۆی دروستبونی ئابوریی جەنگ, ئەو ئابورییە بریتییەلە" کۆنترۆڵی سەرتاپاگیری دەوڵەت لەسەر کاروباری بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کاڵا خزمەتگوزارییەکان, واتە بەڕێوەبردنی ئابوریی کۆمەڵ لەلایەن دەوڵەتەوە. ئەمجۆرەی میکانیزمی بەڕێوەبردنی ئابوریی کۆمەڵو تەنها لەکاتی جەنگەکاندا میکانیزمێکی لەبارە و پێویستە پاش کۆتاییهاتنی جەنگەکان ئەویش کاری پێنەکرێ, گەرنا لەماوەیەکی درێژدا ئەو جۆرە بەڕێوەبردنە, ئابوریی وڵات دوچاری ئیفلیجی دەکات. دەبێ لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە گوشاری ئابوریی, بەتەنیشت پاڵنەرەکانی تری جەنگەوە, لە زۆر شوێندا بوونەتە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی کۆمەڵایەتی, بۆ نمونە جەنگی روس و ژاپۆن لە ساڵی ١٩٠٥ دا کاریگەریەکی راستەوخۆی لەسەر بەرپابونی شۆڕشی روس لەهەمان ساڵدا هەبوو, یاخود جەنگی فەرەنسا و پرۆس لە ساڵی ١٨٧٠ دا, یەکێك بوو لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی دارمانی دەوڵەتی فەرەنسا و قەیرانی ئابوریی و شۆڕشی فەرنسا و کۆمۆنی پاریس.

سێیەمین دەرئەنجامی جەنگ, کاریگەریی جەنگە لەسەر ژمارەی دانیشتوان. تا ئێستا ژمارەی کوژراوانی جەنگەکان بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای چەکسازیەوە روولەزیادبوون دەکات. جەنگ کاریگەریەکی زۆر خراپ دەخاتەسەر کۆمەڵو بەوەی کە دەبێتەهۆی قوربانیبوونی لاوترین و بەتواناترین ئەندامەکانی کۆمەڵ. هەر لەبەرئەمەش, بەدرێژایی جەنگەکان و پاش جەنگ, ئاستی لەدایکبووان دادەبەزێت و رێژەی سروشتی ژمارەی دانیشتوانی وڵاتە شەرکەرەکان, روولەکەمی دەکات. کەواتە ئەگەر پەرەسەندنی ژمارەی دانیشتوانی وڵاتێك فراوان بێت, ئەوا زیانی شەڕ لەبەرامبەر ژمارەی دانیشتوان, زۆر بەخێرایی کەمدەکات.

خالێکی تر کە پێویستە لەم زەمینەیەدا ئاماژەی پێبکەین، ئەوەیە کە لەسەردەمە مێژووییەکانی جەنگە کۆنەکاندا، زۆرجار جەنگ پاش کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان بەرپادەبوون، جەنگی سەدساڵەی فەرەنسا و بەریتانیا (١٣٣٧ تا ١٤٥٣) و جەنگی سی ساڵەی ئەڵمانیا (١٦١٨ تا ١٦٤٨) پاش کۆبونەوەی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان رویاندا. دوادەرئەنجامی جەنگیش، خۆی لەکارکردی کلتوریدا دەبینێتەوە. بەرخوردی نزیکی نێوان هۆکارەکانی کۆمەڵە جیاوازیەکان، یاخود گەمەی یەکە جەنگیەکان، دەبێتەهۆی ئەوەی کە فەرهەنگی دوو کۆمەڵی ناکۆك و دژبەیەك رۆبچێتە نێو کۆمەڵەکەی بەرامبەری و بۆماوەیەکی درێژ کاریگەریی خۆی لەسەر ئەندامانی ئەو کۆمەڵە بەجێبهێڵێت. بۆنمونە، ئامادەبوونی ئەمریکا لە جەنگی دووەمی جیهانی و بەشداریکردنی سەربازە ئەمریکیەکان لە جەبهەکانی رۆژئاوا، یەکێك بوو لە هۆکارەکانی نفوزی کلتوریی ئەمریکا لە رۆژئاوا، کە پاشتر بەشێوەیەکی هەمیشەیی و لەبەر کاریگەریی میدیاکان، ئەوەندەی تر ئەو فەرهەنگە لە ئەوروپا خۆی بڵاوکردەوە.

فۆرم و ناوەرۆکی جەنگەکان بەپێی جۆری هەر کۆمەڵێك دەگۆڕێت. فۆرمی جەنگی بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوندی بە گۆڕانکاریی تەکنەلۆژی مرۆییەوە هەیە و، شۆڕشە تەکنەلۆژیەکان کاریگەریەکی قوڵیان لەسەر فۆرمی جەنگەکان هەیە. شۆڕشی پیشەسازیی و بەکارهێنانی هێزی هەڵم لە پیشەسازیی کەشتی دروستکردندا، بەریتانیای کردە هێزێکی گەورەی جیهانی، تەکنەلۆژیای هەستەیی دروستکردنی ئەتۆم، ئەمریکا و روسیای کردە دوو رەقیبی گەورە و دوو زلهێزی جیهانی، شۆڕشی ئەنفۆرماتیك کە ئێستا سەرجەم تەکنەلۆژیای جیهانی بەرەو گۆڕانکاریی بردوە، جەنگی کردۆتە جۆرێك لە روبەڕوبونەوەی تەواو تەکنەلۆژی. جەنگی ئەمریکا لەگەڵ عێراق لەسەرەتای دەیەی ١٩ دا بەتەواوەتی شایەتی لەسەر ئەم راستیە دەدەن کە بەبێ گرنگیدان بە هۆکارە تەکنەلۆژیەکان، بردنەوەی جەنگ لە دنیای ئەمڕۆدا مەحاڵە.

هەروەها لەرووی ناوەرۆکیشەوە، دونیای ئەمڕۆ شایەتی گۆڕانکاریە لە چەمکی جەنگدا. یەکێك لە تایبتمەندیەکانی چاخی نوێ، دروستبونی

کۆمەڵە و دەستەی تەبا و کۆکە و، بەپێچەوانەی سەدەکانی ١٨ و ١٩ ئەو کۆمەڵـە و دەسـتانە دۆخێکـی پایـەدار و هەمیشـەییان هەیـە. ئەمـەش بۆتەهۆی ئەوەی کە جەنگ وەکـو ڕێگەچـارەی ناکۆکیـە نێودەوڵەتیـەکان هـەر هـیچ نـەبێت لـەنێوان ئـەو کۆمەڵـە و گروپانـەدا وەلابنرێـت. پـیتریم سـۆرکین (Pitrim Sorokin) ی کۆمەڵناسـی ئـەمریکایی، لەڕێگـەی ئـەو لێکۆڵینەوە فراوانەی کـە لەسـەر مێـژوی دیـاردەی جـەنگ ئـەنجامیداوە، ئاماژە بەوەدەکات، کە بەشێکی زۆر گرنگی مێـژووی وڵاتـانی جیهـان، بـە جـەنگ تێپـەڕیوە: ٢٨٪ ی مێـژووی ئـەڵمانیا، ٤٠٪ ی مێـژوی نەمسـا، ٦٧٪ی مێژوی ئیسپانیا، ٥٦٪ی مێژوی بەریتانیا، ٣٦٪ ی مێژوی لیتوانی و پۆلۆنیا و ٤٦٪ی مێژوی ڕوسیا، ٥٠٪ ی مێژوی فەرەنسا، لـەنێوان ئـەم وڵاتانەشدا، بەشی شێر بەر ئیمپراتۆریە کۆلۆنیالیەکانی وەکو (فەرەنسا و بەریتانیا) کەوتوە، یاخود بونەتـە قوربـانی بەرژەوەندیـە سـتراتیژیەکانی ئەوانی تر وەکو (پۆلۆنیا و لیتوانی) یاخود هەردوولا پێکەوە (ئیسپانیا).

پـاش جـەنگی دووەمـی جیهـانی، لەحاڵێکـدا کـە وڵاتـە بچـوکە تازەپەرەسەندوەکان زۆربـەی کـات بەجەنگـەوە سـەرقاڵ بـوون، جـەنگی نێـوان دەوڵەتـە گـەروەکان کـەمیکرد. یـەکێك لـە هۆکـارە گرنگـەکانی ڕونـەدانی جـەنگ کـە لەلایـەن وڵاتـانی ڕۆژئـاوا بـەهۆکاری سـەرەکی دادەنرێت، هاوسەنگیی چەکە ئەتۆمیەکانی زلهێزەکـانی جیهانـە، ئەمـەش بۆخۆی مەترسی ڕودانی کارەساتێکی گەورە دەخاتەوە، گەر ئـەو هێزانـە چەکە ئەتۆمیەکانیان لەدژی یەك بەکاربهێنن و، هەرئەمەش وایکـردوە کـە ئـەو وڵاتانـە لەڕێگـەی تـرەوە کێشـە و ناکۆکیـەکانیان چارەسـەربکەن و مرۆڤایەتی لەو مەترسیە دوربخەنەوە. دەبێ لێرەشدا ئاماژە بـەوە بکـەین کـە هۆکـارێکی گـرنگتری ڕونـەدانی جـەنگ لـەنێوان ئـەو وڵاتانـە، جیهانیبوونی بازاڕە ئابوریەکان و دروستبونی کۆمپانیا فرەنەتەوەیەکانـە لەبەرامبەر وڵاتە تازەپەرەسەندوەکان. دواجار ئـەم ئاوێتـەبوونی ئابوریـە لەنێوان وڵاتە گـەورەکانی جیهانـدا وایکـردوە کـە پـاش جـەنگی دووەمـی جیهانی، جەنگەکان زیاتر لەنێوان دەوڵەتە بچوك و تازەپەرەسەندوەکاندا بێت. دەکرێت مەودای نێوان کۆتایی جـەنگی دووەمـی جیهـانی تـا ئـەمڕۆ بەسەر دوو قۆناغدا بەش بکەین:

**قۆناغی یەکەم:** ناسراو بە (جەنگی سارد), ئەو سەدەمەی کە ئەمریکا و روسیا لەرێگەی وڵات و نەتەوە بچوکەکانەوە دژایەتی یەکتریان دەکرد. ئەو قۆناغە دەبوەهۆی ئەوەی کە نەتەوە بچوکەکان بەهۆی ئەو گوشارە ئابوریانەی کە بۆ دابینکردنی بودجەی چەکسازیی هەڵیاندەگرت, لەجاران زیاتر لە زەمینەی پەرەسەندنی ئابوریی و پیشەسازیدا دوچاری کێشە و گرفت بن و, لەلایەکی تریشەوە بەهۆی وابەستەیی سەربازیی بەیەکێك لەو دوو زلهێزەوە, رێگە بۆ دەستتێوەردانی ئەو زلهێزانە لە کاروبارە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە بچوکانە بڕەخسێت و, بەهۆی ئەمەوە, سەرجەم کۆمەڵ دەبوە پاشکۆی مۆدێلە دەرەکیەکان. ئێرانی سەردمی شای پێشوو, ئەفغانستانی پێش جەنگی ناوخۆ نمونەکانی ئەو پاشکۆیەتیە کۆمەڵایەتیانەن. کاریگەریەکی تری جەنگی سارد لەرووی کۆمەڵایەتیەوە, لەبەریەك هەڵوەشانی یەکیەتی سۆڤیەت بوو, کە ئەوەش دەرئەنجامی رکابەریی سەربازیی و بودجە زۆر و سەرسوڕهێنەرەکانی ئەو جەنگە و, بەبڕوای ژمارەیەکی زۆر لە چاودێرانی سیاسی, بەپێی رێگەیەکی پێشوەخت دیاریکراوی ئەمریکا بوو, بۆ داڕمان و تێکشکاندنی سۆڤێتی جاران.

**قۆناغی دووەم:** سەردەمی داڕمانی کۆمۆنیزم لەسەرەتای دەیەی ٩٠ی میلادی تا ئەمڕۆ خاوەنی تایبەتمەندیەکی بنەڕەتیە کە بریتیە لە داڕمانی روسیای زلهێزی جیهان, کە بوەهۆی ئەوەی هاوسەنگی دوو جەمسەریەتی جیهان ببێتە هاوسەنگیەکی چەند جەمسەریی, کە لەچوارچێوەی ئەو جیهانەدا گەلێك جەمسەری گەورەی ئابوریی وەکو ئەمریکا و ژاپۆن و ئەوروپا دروست بێت و, ئەمریکاش

تاکە زلهێـزی سـەربازیی جیهـان بێـت. لـە هەلومـەرجی ئـەمڕۆی جیهانـدا شـایەتی پیـادەکردنی سیاسـەتی دەسـەڵاتخوازانە (هـەژمونی) ی ئـەمریکا دەبـین, کـە دەیەوێت دەسەڵاتێکی سەربازی گـەورە بەسـەر جیهانـدا پـەخش بکـات و لەلایـەکی تریشـەوە یـاخیبوونی هێـزە بچوکە ناوچەییەکانی وەکو دیکتاتۆریەتی عێراق دەبینین کـە لەبـەر بـەتاڵی پانتـایی رکابـەری نێـوان زلهێزەکـان, هەمیشە بیر لە دەسـتدرێژیکردن بۆسـەرولاتانی دراوسـێ دەکاتەوە.

شـیتەڵبوونی دەسـەڵاتی پێشـووی روسـیا, بوەهـۆی کۆتایهێنـان بـەو جەنگە ناوخۆییە بەردەوامانـەی نێـوان ئـەو نەتەوانـەی کـە پێشـتر لـەژێر گوشـاری سـەربازیی روسـیادا, لەئاشـتیدا بـوون وەکـو (ئەرمەنسـتان و ئازەربایجـان و تاجیکسـتان..) و هـەروەها ئـەو جەنگانـەی داخـوازی سـەربەخۆییخوازانە هەڵیدەگیرسـاندن وەکـو (چیچـان و کۆسـۆڤۆ و بۆسنی..).